




# نیسام (ژن و ئاشتی): پێشخستنی ژنان، ئاشتی و ئاسایش لە عێراق

## *زنجیرەی فێربوون: سیاسەتی ژنان، ئاشتی و ئاسایش*

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥

WOMEN FOR WOMEN INTERNATIONAL

gaps uk [ ]
GENDER ACTION FOR PEACE AND SECURITY

# المحتويات


پرۆژەی  نیسام ('النساء و السلام'): پێشخستنی ئەجێندایەکی خۆجێیی ژن، ئاشتی و ئاسایش ..................................... 3
چوارچێوە ............................................................................................................ 4
1. ژن، ئاشتی و ئاسایش لە عێراقدا............................................................................... 5
2. ئاستەنگەکانی تایفەگەری و پارچەپارچەیی سیاسی و جیاوازییە هەرێمییەکان .............................................. 13
3. بچووکبوونەوەی فەزای مەدەنی و هەڵمەتی دژایەتیکردنی جێندەر ............................................................ 15
ئەنجام................................................................................................................ 21
ڕاسپاردەکان ........................................................................................................ 23

## پرۆژەی  نیسام ("نساء و السلام"): پێشخستنی ئەجێندایەکی خۆجێیی ژن، ئاشتی و ئاسایش

لە ناوەڕاستی ململانێ و کەمکردنەوەی پاڵپشتی دارایی و پاشەکشەی مافەکانی ئافرەتان لە عێراقدا، پێویستی بە دەستێوەردانی خۆجێیی و هەستیار بە جۆری کۆمەڵایەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بووە. پرۆژەی نیسام ('نساء و السلام')، [1] کە بە دەستپێشخەرییەکە و پاڵپشتی دارایی حکومەتی بەریتانیاوە کراوە و لەلایەن ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی" (WfWI) بە هاوبەشی لەگەڵ " جۆری کۆمەڵایەتی کار، ئاشتی وئاسایش " (GAPS) جێبەجێ دەکرێت، و ئەم بۆشاییە گرنگە پردەکاتەوە کە لەڕێگەی هاوبەشیپێکردن لەگەڵ ٣٤ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بە سەرکردایەتی ئافرەتان، لەهەر نۆزدە پارێزگاکەی عێراق، کە هەرێمی کوردسان وعێراقی فیدراڵیش دەگرێتەوە.

لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە پاڵپشتی دارایی ڕاستەوخۆو پشتیوانیی دامەزراوەیی و **دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی وپێکەوبەستنەوە** و دەرفەتەکانی داکۆکیکارییەوە، پرۆژەی نیسام کاردەکات بۆئەوەی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان و ئەوانەی لەلایەن ژنانەوە سەرکردایەتی دەکرێن، بتوانن ئەجێندای تایبەت بە خۆیان لە بواری ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) دابڕێژن و جێبەجێی بکەن – بە گرنگیدان بە بابەتەکانی وەک توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر) (GBV)، پاڵپشتیکردنی ئابووری و بەشداریی سیاسی و خۆڕاگری لەبەرامبەر گۆڕانی کەشوهەوا. بەم کارە، ڕێبازی پرۆژەی نیسام  گۆڕانکارییەکی ئامانجدار لە شێوازی کاری 'لەسەرەوە-بۆ-خوارەوە'ی لایەنە بەخشەرەکانەوە، بۆ ڕێبازێکی درێژخایەن، گشتگیر و بە خاوەندارێتیی لایەنی خۆماڵییەوە نیشان دەدات، کە دەبێتەهۆی پڕکردنەوەی بۆشاییەک لە بواری ژن، ئاشتی و ئاسایش و ڕۆڵی سەرەکیی ئافرەتانی سەرکردە لە عێراقدا پتەوتر دەکات.

بنەمایەکی سەرەکیی پرۆژەی نیسام بریتییە لە پابەندبوون بە کاریگەری خستنە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بڕیاربەدەستان بۆ گرتنەبەری **ڕێبازێکی کاریگەر** بۆ هاوبەشێتی لەگەڵ گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستە زنجیرەیەک ڕاپۆرتمان بەرهەمهێناوە: پەراوی سیاسەتی ژن، ئاشتی و ئاسایش و دوو پەراوی شیکاریی بۆ دۆخی گشتی (یەکێکیان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەوی تریان بۆ عێراقی فیدراڵ). ئەم ڕاپۆرتانە پێکەوە کاردەکەن بۆ:

1 . خستنەڕووی شارەزایی ڕێکخراوەکانی مافەکانی **ژنان** کە بەشدارن لە جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش لە عێراقدا، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆژە و پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتدارە پەیوەندیدارەکان.

2 . دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەجێنداکە.

3 . خستنەڕووی ئەو ڕاسپاردانەی کە لەسەر بنەمای بەڵگە و زانیاریی خۆجێیین، بۆ بەهێزکردنی پرۆگرامەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و گۆڕانکاریی جەوهەری جۆری کۆمەڵایەتی لە بواری ژن، ئاشتی و ئاسایش لە عێراقدا.

ئەم زنجیرە ڕاوێژکارییە پشتی بە ڕێبازێکی تێکەڵاو (mixed-methods) بەستوە، بە بەشدارییپێکردنی ٥١ کەس کە بریتی بوون لە هاوبەشان وبڕیار بەدەستان ونوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ڕێگەی ئەنجامدانی:

**51 کەس**
بریتی بوون لە هاوبەشان وبڕیار بەدەستان ونوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی

**2 گفتوگۆی فۆکەس گروپ**
لەگەڵ ٣٧ نوێنەری ١٣ ڕێکخراوی مافەکانی ئافرەتان کە لە ساڵی یەکەمی پڕۆژەی نیسامدا بەشداربوون

**شباط - نیسان 2025**

**21 چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی پەیوەندیداری سەرەکی**

**ڕاپرسییەک کە دابەشکرا**
بەسەر هەردوو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژناندا.

وەک بەشێک لەم پابەندبوون بۆ کاریگەری خستنەسەر سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بڕیاربەدەستان، ئەم پەڕاوی سیاسەتە ئامانجییەتی بە وردی و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە کاریگەریی جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) لەلایەن عێراقەوە هەڵبسەنگێنێت، بە تایبەتی جەخت دەکاتە سەر دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگرن لە پێشکەوتن و گەڕان بەدوای ڕێگاکانی بەهێزکردنی دەرەنجامەکان بۆ ئەو لایەنانەی کە لە وڵاتەکەدا لە بواری ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش کاردەکەن. لە ڕێگەی شیکردنەوەی پلانە جیاوازەکانی کاری نیشتمانیی عێراق (NAPs) سەبارەت بە ژن، ئاشتی و ئاسایش، و گۆڕانیان بەپێی کات، هەروەها ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) و ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان(WROs)، و ژینگە فراوانەکەی یاسایی و دامەزراوەیی و سیاسی، ئەم ڕاپۆرتە هەوڵ دەدات ئەو ڕاسپاردە سیاسییانە پێشکەش بکات کە یارمەتیدەر بن بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕی و ئاستەنگە هەنوکەییەکان. ڕاپۆرتەکە پشتی بە تێکەڵەیەک لە شێوازەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی – وەک چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی پەیوەندیداری سەرەکی (KII) و گفتوگۆی فۆکەس گروپ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بواری ژن، ئاشتی و ئاسایش، کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی ژن، نوێنەرانی حکومەت، ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان (INGOs) و ڕێکخراوە فرەلایەنەکان دەگرێتەوە، شانبەشانی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بە بەڵگەنامە و داتا و ڕاپۆرتی بەردەست (Desk Research)، بۆ شیکردنەوەی ئەو هێز و پاڵنەرەی کە لە سەرانسەری عێراقدا کاریگەرییان لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ئەجێندایە هەیە.

## چوارچێوە

ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS)، کە لە ڕێگەی بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSCR) لە ساڵی ٢٠٠٠ دامەزراوە، داوای بەشدارییپێکردنی ژنان دەکات لە بنیاتنانی ئاشتی و بڕیاردانی ئەمنی، و ڕێگریکردن و چارەسەرکردنی ململانێکاندا. وەک بەشێک لە پابەندبوونی جیهانی بە یەکسانیی لە ڕووی جۆری کۆمەڵایەتییەوە، ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش چوارچێوەیەک پێشکەش دەکات کە لە کاتی ململانێ، قۆناغی دوای ململانێ، و ئاوەدانکردنەوەو فریاگوزاری و بوژانەوەدا جەخت لەسەر گرنگیی دڵنیابوون لە بەشداریی ئافرەتان و پاراستنی مافەکانیان دەکاتەوە. هەروەها پەیوەستبوونی عێراق بەم ئەجێندایەوە لەسەر بنەمای پابەندبوونە یاساییە نێودەوڵەتییەکانیەتی. عێراق ئەندامە لە چەندین بەڵگەنامەی گرنگی مافەکانی مرۆڤدا کە پەیوەستن بە یەکسانیی جێندەرییەوە، دیارترینیان ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژی ژنانە (CEDAW). ئەم پابەندبوونانە بەرپرسیارێتیی عێراق پتەوتر دەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە مافەکانی ژنان دەپارێزرێن و پێشدەخرێن، چ لە کاتی ململانێدا و چ لەکاتی هەوڵەکانی بنیاتنانی ئاشتیدا، لە سەرانسەری بوارە یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە ساڵانێکی زۆر ڕووبەڕووی ململانێ، ناسەقامگیریی سیاسی، و سەرهەڵدان و ڕووخانی گرووپە توندڕەوە توندوتیژەکان بووەتەوە، هەم تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندیدارە و هەم جێبەجێکردنیشی پڕ لە ئاستەنگە. بە درێژایی ئەم ماوەیە، لە عێراقدا ئافرەتان و کچان ڕووبەڕووی ئاستێکی زۆر بەرزی ناهاوسەنگی توندوتیژی، ئاوارەیی و ئیستغلالکردن بوونەتەوە. لە پاش داگیرکاریی ساڵی ٢٠٠٣ بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، و سەرهەڵدانی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، ژنان – بەتایبەتی لە گرووپە پەراوێزخراوەکانی وەک ئێزدییەکان – ڕووبەڕووی خراپترین شێوەکانی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەری) بوونەوە، لەوانە ڕفاندن، کۆیلایەتیی سێکسی و بەزۆر بەشوودان. [2] ئەم ئەزموونانە ئەو ئاستەنگانەی کە ژنان لە عێراقدا ڕووبەڕووی دەبنەوە زیاتری کردووە، ئەمەش وایکردووە کە جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش ببێتە کارێکی بەپەلە و چارەنووسساز.

هەرچەندە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان پابەندبوونی فەرمییان بە ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایشەوە پیشانداوە، بەڵام جێبەجێکردنەکەی بەهۆی کۆسپی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە ڕێگری لێکراوە. ئەم ئاستەنگانە بەهۆی کاریگەریی ئەو هێزە سیاسی و ئایینییە کۆنەپەرستانەی زۆرجار مافەکانی ژنان و بەشدارییان لە پرۆسەکانی بڕیارداندا سنووردار دەکەن قورستر دەبن. تێکەڵبوونی ئەم هۆکارانە ژینگەیەک دروست دەکات کە تێیدا ماف و پێداویستییەکانی ژنان و کچان پشتگوێ دەخرێن و ئەمەش بۆتە هۆی قورس بونی پێشکەوتن لەبوارەکانی سەرەوەدا.



# 1. ژن، ئاشتی و ئاسایش لە عێراقدا

دۆخی عێراق ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ئاڵۆزە. عێراق – وڵاتێک کە دەیان ساڵە بەدەست ململانێوە دەناڵێنێت، لەوانە جەنگی عێراق-ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، جەنگی کەنداو (١٩٩٠-١٩٩١)، داگیرکاریی عێراق بە سەرکردایەتیی ئەمریکا و مانەوەی بەردەوامیی هێزی سەربازی (٢٠٠٣-)، و سەرهەڵدان و ڕووخانی داعش – کۆی ئەم ڕوداوانە بونەتە هۆی ئەوەی لە دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیریدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو ببێتەوە. دەرەنجامەکانی ئەم ململانێیانە، بەتایبەتی وێرانبوونی ژێرخان و ئاوارەبوونی بەرفراوانی خەڵک و بڵاوبوونەوەی چەک، ژینگەیەکیان دروست کردووە کە تێیدا ماف و بەشداریی ژنان زۆرجار پەراوێز دەخرێت. لە کاتێکدا کە ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش بە فەرمی بە پەسەندکردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەستی پێکرد — کە جەخت لەسەر پێویستیی بەشداریی چالاکانەی ژنان لە هەموو پرۆسەکانی ئاشتی و ئاسایشدا دەکاتەوە — پابەندبوونی فەرمیی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ دەستی پێکرد، کاتێک بووە یەکەم وڵات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا کە پلانی کاری نیشتمانی (NAP) بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە پەسەند کرد. بەڵام، سەرەڕای پابەندبوونە فەرمییەکان، جێبەجێکردنی کرداریی ئەجێنداکە لە عێراقدا ناجێگیر و خاو بووە. ئەم کەلێنە گەورەیەی نێوان ئامانجە باڵاکانی سیاسەت و دەرەنجامە کردارییەکان، لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی پلانە نیشتمانییەکانی عێراقدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە نەیانتوانیوە گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەدی بهێنن.

### *پابەندبوونە فەرمییەکان و پلانەکانی کار   نیشتمانی (NAPs)*

پێشکەوتنەکان سەبارەت بە ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش لە عێراقدا تێکەڵ بووە. پەسەندکردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن عێراقەوە و سێ پلانە یەک لە دوای یەکەکەی کاری نیشتمانی (NAPs) – یەکەمیان (٢٠١٤-٢٠١٨)، دووەمیان (٢٠٢٠-٢٠٢٤) و سێیەمیان (٢٠٢٥-٢٠٢٩) – ئاماژەن بۆ پابەندبوونێکی فەرمیی بەردەوام بە یەکسانیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و پێشخستنی مافەکانی ئافرەتان و کچان. شانبەشانی پلانەکانی کاری نیشتمانی کە لەلایەن عێراقی فیدراڵەوە پەسەند کراون، هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) پلانی کاری هەرێمیی هاوشێوەی تایبەت بە خۆی داڕشتووە (KRI-RAP)، کە یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٢١ خرایەڕوو (٢٠٢١-٢٠٢٤) و دووەمیشیان لە ساڵی ٢٠٢٥ (٢٠٢٥-٢٠٢٩). [43]

داڕشتنی پلانە جیاوازەکانی کاری نیشتمانی بۆ هەریەک لە حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان لە خولی دووەم بەدواوە، ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی فیدراڵیی عێراقە. بەڵام، ئەم دابەشبوونە چەندین ئاستەنگی لە ڕووی هەماهەنگی، یەکگرتوویی و چاودێرییەوە لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا هێناوەتە ئاراوە. لە کاتێکدا کە بوونی دوو پلانی جیاواز، یەکێکیان بە سەرپەرشتیی حکومەتی فیدراڵ و ئەوی تریان بە سەرپەرشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەم پێویستە و هەم ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی سیاسی و کارگێڕیی عێراقە، بەڵام ڕوون نییە کە ئایا هەردوو پلانەکە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و ستراتیژی هەماهەنگییان تێدا دەکرێت.

بە پێچەوانەوە، لە میانەی ئەو ڕاوێژانەی کە بۆ ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامدران، گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نیگەرانیی قووڵیان سەبارەت بە داڕشتنی پلانەکانی کاری نیشتمانی بۆ ساڵانی ٢٠٢٥- ٢٠٢٩ دەربڕی، بەتایبەتی سەبارەت بە نەبوونی میکانیزمی

هەماهەنگیی شەفاف لەنێوان پلانەکانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا. لە کاتێکدا هەردوو حکومەت پلانە تایبەتەکانی خۆیان بۆ ئەم ماوەیە ڕاگەیاندووە، بەشداربووانی توێژینەوەکە ڕایانگەیاند کە ئاگادار نەکراونەتەوە لە بوونی هیچ سەکۆیەکی هەماهەنگیی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕالی یان پێکهاتەیەکی چاودێریی هاوبەش. زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان هەردوو پرۆسەکەیان بە پارچەپارچە وەسف کرد، کە خاڵەلەپشینەکانیان گشتگیر نەبووە و پەیوەندییەکی سنووردار لەنێوان تیمەکانی دارشتندا هەبووە. لە ئەنجامدا، گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە توندی جەختیان لەسەر پێویستیی نوێکردنەوەی هەماهەنگی کردەوە، جا لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی نیشتمانیی هاوبەشەوە بێت بۆ ژن، ئاشتی و ئاسایش یان لانیکەم، میکانیزمێکی فەرمی بۆ پلاندانان و چاودێریی هاوبەش. ئەمەش بۆ ئەوەیە دڵنیا بینەوە کە هەردوو پلانەکە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدار دەبن لە دروستکردنی دیدگایەکی یەکگرتوو و دادپەروەرانە بۆ یەکسانیی جێندەری، ئاشتی و ئاسایش لە سەرانسەری عێراقدا.

لەکاتێکدا کە پلانەکانی کاری نیشتمانی ئامرازێکن بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای کەشی مەدەنی ، بەڵام، کاریگەرییان لە عێراقدا ناجێگیر و لە زۆر حاڵەتدا ڕووکەشی بووە. لەکاتی توێژینەوە بۆ ئەم ڕاپۆرتە، لە هەندێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنانەوە بیستمان کە زۆر بە کەمی ڕاوێژیان پێدەکرێت سەبارەت بە سیاسەتە جێندەرییە نێودەوڵەتییەکان یان چۆنیەتیی جێبەجێکردنیان. لەکاتێکدا هەندێک لە ڕێکخراوەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە لەڕێگەی شارەزایی و پسپۆڕی خۆیانەوە بەشداربوونە لە دارشتنی پلانی سێیەمدا ، هاوکات زۆرێکیان باسیان لەوە کرد کە پەراوێزخراون.[5]

> **بڕیاربەدەستانی پرۆسەی پلانی کاری نیشتمانی زیاتر پارێزەر و بەرپرسەکانن، لە کاتێکدا دەنگە خۆجێییەکانی ژنان و ئەندامانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گونجاو لە گفتوگۆ و بڕیارەکاندا نوێنەرایەتی ناکرێن. ئەم نەبوونی گشتگیرییەش کاریگەری پلانی کاری نیشتمانیی کەم دەکاتەوە.**

ئەمە ڕەنگدانەوەی شێوازو ڕەوتێکی دووبارەبووەوەی فراوانترە کە تێیدا سیاسەتی جێندەری بە سەرکردایەتیی دەوڵەت، زۆرجار لەجیاتی ئەوەی لەسەر بنەمای پێداویستی و گرنگییدانەکانی ئەو کۆمەڵگایانە بێت کە کەوتونەتە ژێر کاریگەری، بەڵام لەسەرەوە بۆ خوارەوە (top-down) و لەلایەن بەرپرسانی حکومەت و لایەنە بەخشەرە نێودەوڵەتییەکانەوە دادەڕێژرێت.

### *یەکەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP) ٢٠١٤ــ٢٠١٨*

یەکەم پلانی کاری نیشتمانی، کە تایبەت بوو بە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨، لە ڕێگەی پرۆسەیەکی هاوبەشەوە دارێژرا کە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی (KRG) لەخۆگرتبوو. جێبەجێکردنەکە لە هەرێمێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕا، بەڵام پرۆسەی دارشتنەکە هەر بە شێوەیەکی ناوەندی و یەکخراو مایەوە. پرۆسەکە لەلایەن لیژنەیەکی هەماهەنگیی نیشتمانییەوە بەڕێوەدەبرا کە بە بڕیاری دیوانیی ژمارە ١٣٨ (٢٠١٧) دامەزرابوو. ئەم دەستەیە لەلایەن عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێنەرایەتی دەکرا. زنجیرەیەک ڕاوێژکاری لە بەغدا، هەولێر و سلێمانی بەڕێوەچوو، کە بووە هۆی یەکخستنی پایە و گرنگیپێدانە ستراتیژییەکان، تەنانەت کاتێکیش جێبەجێکردنی خۆجێیی لە هەر ناوچەیەکدا خەریک بوو ڕەهەندێکی لامەرکەزی وەربگرێت. لەو کاتەدا، پلانەکە یەکگرتوو و نیشتمانی بوو، هاوبەشانی لە بەغدا و هەولێریش لەخۆگرتبوو، و عێراقی کردە یەکەم وڵات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) کە پلانێکی کاری نیشتمانی بۆ بڕیاری ١٣٢٥ پەسەند بکات.[6] لەگەڵ ئەوەشدا، جێبەجێکردنەکەی ڕووبەڕووی کۆسپی گەورە بووەوە و هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش، کە دۆخێکی ئەمنیی لەناکاو و زۆر سەختی بۆ وڵاتەکە خوڵقاند.

جگە لەوەش، پلانەکە کێشەی کەمیی سەرچاوەی هەبوو — لەوانە نەبوونی پاڵپشتی دارایی دیاریکراو — و بۆیە هیچ کاراییەکی نەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە ئەمنییەی کە گوزرێکی کوشندەی لە ئافرەتان و کچان وەشاند، بەتایبەتی ئافرەتان و کچانی ئێزدی. پلانەکە بە تەواوی پشتگوێ خرا و لە هیچ چوارچێوەیەکی وەڵامدانەوەی دژی داعشدا، چ سەربازی و چ مرۆیی لەبەرچاو نەگیرا. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن پلانەکانی کاری نیشتمانی زۆرجار لە ئاستی چارەسەرکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی ئافرەتان و کچاندا نین، بەتایبەتی لە کاتی قەیراندا، ئەمەش زۆربەی کات دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سێ توخمی سەرەکی: سەرچاوەی تەرخانکراو، ئیرادەی سیاسی، و هاوبەشیی ڕاستەقینە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا. ئەم کێشانە دەبێتە هۆی ئەوەی پلانی کاری نیشتمانی بەسەربچێت یان بێسوود بێت کاتێک دۆخەکە لە ماوەی جێبەجێکردنیدا دەگۆڕێت، و توانای خۆگونجاندن و وەڵامدانەوەیان لە کاتی قەیراندا لاواز دەکات.

ئافرەتان و کچان، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانی وەک ئێزدییەکانن، لە کاتی یاخیبوونی داعشدا زیاتر لە هەر لایەنێکی تر بوونە قوربانی — هەرچەندە دەبوو وەک بەشێک لە پابەندبوونەکانی عێراق (و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) بەرامبەر ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایشەوە بپارێزرانایە. شکستهێنان لە وەڵامدانەوەی پێداویستییە هەنووکەییەکانی ئافرەتان لە عێراقدا، ئەو بۆشاییە گەورەیە دەردەخات کە لەنێوان دروشمەکانی سیاسەت و ئەنجامەکانی سەر ئەرزی واقیع هەیە. پلانەکانی کاری نیشتمانی دواتریش بە هەمان هۆکار سەرکەوتوو نەبوون، بەتایبەتی بەهۆی کەمیی ڕاوێژکردن لەگەڵ گرووپە سەرەکییەکاندا— وەک ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی — و سیاسەتەکان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەی عێراقی نەدەگونجان.

## ***پلانی دووەمی کاری نیشتمانی ٢٠٢٠-٢٠٢٤***

دووەم پلانی کاری نیشتمانی (٢٠٢٠-٢٠٢٤) بەو دیدگایەوە دارێژرا کە لەسەر بنەمای ئەو وانانە بێت کە لە پلانی کاری نیشتمانی یەکەمەوە وەرگیرابوون، هەروەها وەڵامدەرەوەی پێداویستی و کارە لەپێشینە هەنووکەییەکانی ئافرەتان و کچان بێت، بەتایبەتی لە دوای تێکشکاندنی داعش. وەک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتانەوە لە میانەی گفتوگۆکانی فۆکەس گرووپی ئەم ڕاوێژکارییەدا بیستمان:

> **“عێراق لە ساڵی ٢٠١٤دا ئەجێندای ١٣٢٥ی جێبەجێ کرد، بەڵام بەهۆی داعشەوە پلانەکان ڕاگیران. دوای ٢٠١٩، عێراق دەستی بە جێبەجێکردن کردەوە، بە گۆڕینی ئاراستە لە وەڵامدانەوەی بەپەلەوە بۆ گەشەپێدانی درێژخایەن، کە ئەمەش بووە هۆی دارشتنی دووەم پلانی کاری ١٣٢٥.”**

لە ماوەی پلانی دووەمی کاری نیشتمانیدا، عێراق بەردەوام بوو لەسەر ڕێباز و هەماهەنگێکی یەکگرتووی نیشتمانی. هەرچەندە پلانەکە هەر یەک دانە بوو بۆ هەموو وڵات، بەڵام شێوازو پرۆسەی داڕشتنەکەی لامەرکەزی بوو. پلانەکە چوارچێوەیەکی سەرەکیی فیدراڵیی لەخۆگرتبو، بەڵام لەپاڵیدا دوو بەشی پلاندانانی هاوتەریبی تێدابوو، یەکێکیان بۆ عێراقی فیدراڵ و ئەوی تریان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI). واتە لەجیاتی ئەوەی دوو پلانی جیاواز بڵاوبکرێتەوە، تایبەتمەندییەکانی هەر ناوچەیەک لەناو یەک پلانی گشتگیردا جێیکرایەوە. بۆ هەماهەنگیکردن لەنێوانیاندا، چەندین ڕاوێژکاری لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمەکان ئەنجامدرا، کە وەزارەتی کاروباری ئافرەتانی عێراق و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی هەرێم سەرپەرشتییان دەکرد، بە یارمەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئافرەتان. لەو ڕاوێژکارییانەدا کە لە بەغدا و هەولێر و سلێمانی ئەنجامدران، نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشداربوون، ئەمەش وایکرد داڕشتنی پلانەکە گشتگیرتر بێت و کارە لەپێشینەکان لەنێوان ناوچەکاندا هاوبەش بن.[7]

پلانی دووەمی کاری نیشتمانی (NAP) لەسەر سێ خاڵی سەرەکی وەستابوو: بەشدارییپێکردن، پاراستن و خۆپارێزی. هەرچەندە کۆمەڵگەی مەدەنی یارمەتییەکی زۆری جێبەجێکردنی پلانی دووەمی دا — بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان — بەڵام هەندێک لە ڕێکخراوەکان پێیان وابوو کە شێوازی داڕشتنەکەی هەمووانی لەخۆ نەگرتوە. ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان بینییان کە حکومەت پلانەکەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە داڕشتبوو و خۆی پەسەندی کردبوو، ئەمەش واتای ئەوە بوو کە ئامانجەکانی پلانەکە زۆرجار لەگەڵ داواکاری و پێویستییەکانی ژنان و کچاندا نەدەگونجا. وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکان لە گفتوگۆکەدا باسی کرد:

> **“پلانە نیشتمانییەکە لە ڕەشنووسی دووەمیدا دەبوایە ڕۆڵی ئافرەتان لە سەرکردایەتی و حوکمڕانی و بڕیارداندا زیاتر بکات. بەڵام مخابن، لە واقیعدا شتێکی وامان نەبینی، چونکە هەموو ئەو ئافرەتانەی لە سیاسەتدان خاوەنی بڕیار نین.”**

ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان دواتر هەستیان کرد ڕاوبۆچونیان وەک پێویست لە پلانی دووەمدا ڕەنگی نەداوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەی داڕشتنی پلانی دووەم زۆر کراوەتر بوو لەوەی سێیەم. چونکە وۆرکشۆپ و ڕاوێژکاری و بەشدارییپێکردنی لەسەر ئاستی ناوچەکان تێدابوو، بەتایبەتی لە هەولێر کە ڕێکخراوەکان هەستیان دەکرد گوێیان لێگیراوە. جگە لە ڕاوێژکاری، ڕێکخراوەکان توانییان سەرنجی خۆیان بخەنەڕو و پێداچوونەوەش بە ڕەشنووسی کۆتایی پلانی دووەمدا بکەن. وەک یەکێک لە نوێنەرەکان ووتی:

”
**لە پلانی دووەمدا، ئێمە زیاتر بەشداریمان پێکرا. لە هەولێر وۆرکشۆپی ورد بەڕێوەچوو کە ڕاوێژکارەکان شێوازی پلانەکەیان ڕوون کردەوە و ئێمەش مەجالمان هەبوو تێبینیی خۆمان بخەینەڕوو. بەڕاستی پرۆسەیەکی زۆر باشتر بوو.**
“

هەرچەندە پلانی دووەم کەموکوڕی تێدابوو، بەڵام لە چاو پلانی یەکەم، لە ڕووی شێوازی داڕشتن و جێبەجێکردن زۆر باشتر بوو. پلانەکە سوودی لە هەڵەکانی پلانی یەکەم (2014–2018), وەرگرتبوو، وەک کێشەی کەمیی پاڵپشتی دارایی و لاوازیی چاودێریکردن، و پلانی دووەم پایەی بابەتیی ڕوونتری هێنایە ئاراوە، وەک بەشداریکردن، پاراستن و خۆپارێزی، پشتیوانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، و حوکمڕانی. ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان زۆر دڵخۆش بوون بەوەی کە ئەمجارە چوارچێوەیەکی بەهێزتر بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندن هەبوو کە پێوەری بنەڕەتیی تێدابوو، کە لە پلانی یەکەمدا بوونیان نەبوو. ڕاوێژکارییەکان تەنها لە بەغدا نەمایەوە و شارەکانی تری وەک هەولێر و پارێزگاکانی تریشی گرتەوە، ئەمەش وایکرد ڕای ڕێکخراوەکانی هەرێم و ناوچەکانی تریش وەربگیرێت کە زیاتر لەگەڵ واقیعدا دەگونجا، هەرچەندە ئەم کارانە لە هەموو شوێنێک وەک یەک نەکران. ڕاستە بێ هەڵە نەبوو، بەڵام ئەم هەنگاوانە نیشانیاندا کە هەوڵێکی جدی هەیە بۆ ئەوەی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش گشتگیرتر و فەرمیتر بکرێت، و ئەو بنەغەیەیان دانا کە کۆمەڵگەی مەدەنی چاوەڕێی دەکرد لە داهاتوودا زیاتر پەرەی پێبدرێت.[8]

### *پلانی کاری هەرێمیی (هەرێمی کوردستانی عێراق) (٢٠٢١-٢٠٢٤)*

هاوتەریب لەگەڵ ئەجێندای نیشتمانیی ژن، ئاشتی و ئاسایشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) یەکەم پلانی کاری هەرێمیی (RAP) خۆی سەبارەت بە بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان داڕشت و ڕایگەیاند، کە بۆ ماوەی ساڵانی ٢٠٢١-٢٠٢٤ بوو.[9]

ئەمە یەکەم جار بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش دابنێت، کە بە تایبەتی لەگەڵ بارودۆخ و پێویستییەکانی هەرێمی کوردستاندا بگونجێت. پلانەکە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانەوە (HCWA) سەرپەرشتی دەکرا، بە پشتیوانیی تەکنیکیی ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر.[10]

هەرچەندە پلانی کاری هەرێمی کوردستان KRI-RAP (٢٠٢١-٢٠٢٤) لە ماوەی جێبەجێکردنی دووەم پلانی کاری نیشتمانیی عێراقدا (٢٠٢٠-٢٠٢٤) خرایەڕوو، بەڵام هەردوو چوارچێوەکە بە فەرمی تێکەڵ نەکرا بوون. پلانی کاری نیشتمانی (NAP) عێراق لە سەرەتادا خاڵی تێدابوو کە بۆ هەموو عێراق بوو، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، و ڕای دامەزراوەکانی هەرێمیشی تێدا وەرگیرابوو. بەڵام، کاتێک پلانی تایبەت بە کاری هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندرا، بووە چوارچێوەی سەرەکیی کارکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش لە هەرێمدا و بە کردەوە شانبەشانی پلانی عێراق کاری دەکرد. ئەمەش وایکرد پابەندبوونەکانی هەرێم دابەش ببن: ئەو خاڵانەی لە پلانی فیدراڵیدا بوون لەڕووی تەکنیکیەوە جێبەجێ نەبوون، بەڵام لە واقیعدا وردە وردە پلانی سەربەخۆی هەرێم جێگەی گرتنەوە. گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێم زیاتر پشتیان بە پلانی هەرێم دەبەست، چونکە زیاتر لەگەڵ بارودۆخی خۆیاندا دەگونجا و کارکردن لەگەڵیدا ئاسانتر بوو. هەرچەندە هەردوو بەڵگەنامەکە لە بنەڕەتدا لەسەر هەمان پایەکانی ژن، ئاشتی و ئاسایش بوون، بەڵام نەبوونی میکانیزمی هەماهەنگیی فەرمی یان یەکخستن لەنێوان پلانی نیشتمانی و هەرێمییدا بووە هۆی پارچەپارچەیی لە جێبەجێکردن و چاودێریکردن و تەرخانکردنی سەرچاوەکاندا. ئەم لێکدابڕانە زەمینەخۆشکەر بوو بۆ ئەو کارە تەواو جیاوازەی کە لە سێیەم خولی پلانی کاری نیشتمانی (NAP)دا (٢٠٢٥-٢٠٣٠) ڕوویاندا، کاتێک هەریەک لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان پلانی سەربەخۆی خۆیان بڵاوکردەوە.

هەرچەندە ئەمە هەنگاوێکی دیار بوو بۆ دانانی پلانی لامەرکەزی، بەڵام گرووپەکانی مافەکانی ئافرەتان ڕایانگەیاند کە شێوازی داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق KRI-RAP لە ڕووی بەشدارپێکردن و کاریگەرییەوە لە پارێزگایەکەوە بۆ ئەوی تر جیاواز بووە. هەندێک ڕێکخراو لە هەولێر و سلێمانی دەیانوت پلانەکە لەچاو پلانی کاری نیشتمانی NAPی فیدراڵی، کارکردن لەسەری ئاسانتر بووە و زیاتر لەگەڵ واقیعی ناوچەکەدا گونجاوە، بەڵام هەندێکی تر دەیانوت بەدواداچوونی کەم بووە و ڕوون نەبووە کێ لێی بەرپرسیارە. (بەدواداچوونی سنووردار یان میکانیزمی لێپرسینەوەی ناڕوون).

ڕاگەیاندنی پلانی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI-RAP) دەرفەتی نوێی بۆ خۆجێیکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) ڕەخساند، بەڵام لە هەمان کاتدا پرسیاریشی دروست کرد کە ئایا لەڕوی هەماهەنگی و گونجاوییەوە چۆن لەگەڵ

هەوڵە نیشتمانییەکاندا یەکدەخرێت. ئەم پرسیارانە لە خولی سێیەمی پلانی کاری نیشتمانی (NAP)دا (٢٠٢٥-٢٠٣٠) زیاتر دەرکەوتن، چونکە لەوێدا پلانەکانی فیدراڵی و هەرێم وەک دوو چوارچێوەی تەواو جیاواز دانران و بڵاوکرانەوە.

***پلانی سێیەمی کاری نیشتمانی ٢٠٢٥-٢٠٣٠***

بۆ یەکەم جارە لە خولی ٢٠٢٥-٢٠٣٠دا، عێراق دوو **پلانی کاری نیشتمانیی** تەواو جیاواز و سەربەخۆ بۆ بابەتی ژن، ئاشتی و ئاسایش بڵاودەکاتەوە، یەکێکیان بۆ عێراقی فیدراڵ و یەکێکیان بۆ هەرێمی کوردستان. ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان دەڵێن، هەرچەندە هەندێک لێکچوونی بابەتییان هەیە، ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان ڕایانگەیاند کە هەردوو پلانەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ داڕێژراون بەبێ هیچ سەکۆیەکی هەماهەنگی فەرمی، ڕاوێژکاری یان میکانیزمێک بۆ یەکخستنی کارە لەپێشینەکان. تا ئێستاش، هیچ کام لە پلانەکان بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ئەوی تر نادات. ئەم پچڕپچڕییە جێی نیگەرانییە چونکە ستراتیژێکی نیشتمانیی گشتگیر بوونی نییە، و بەشداربووانی توێژینەوەکەش ترسیان لەوە هەیە کە ئافرەتان و کچان لە ناوچە جیاوازەکاندا، بەپێی **ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS)**، ڕووبەڕووی پشتیوانی یان پاراستنی نایەکسان ببنەوە.

دانانی سێیەم و تازەترین پلانی کاری نیشتمانی (NAP) (٢٠٢٥-٢٠٣٠) بۆ هەردوو عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، ڕەخنەی زۆری لێگیراوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک پێویست بەشداری پێنەکراوە و پرۆسەی ڕاوێژکردنەکەش ڕوون نەبووە. لەکاتێکدا لە پلانی یەکەم و دووەمدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) زیاتر بەشدارییان پێدەکرا (بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان WROs)، شێوازی داڕشتنی پلانی سێیەم بە شێوەیەکی بەرچاو بە ناڕوون و پەراوێزخەر وەسف کراوە. ئەم گلەییانە هەمیشە لە کاتی ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) وروژێنراون. ئەمەش ئەو ئاستەنگە بەردەوامە قووڵتر دەکاتەوە کە تێیدا لە کاتی ڕاوێژکردن بە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) و کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) ، زیاتر گرنگی بەو ڕێکخراوانە دەدرێت کە لە لە شوێن و جوگرافیای دیاریکراو یان سەر بە لایەنێکی سیاسیی دیاریکراون؛ بۆ نموونە، پرسیار و ڕاوێژی بەرفراوان بە ڕێکخراوەکانی بەغدا کرابوو، بەڵام زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی دەرەوە – لە بەسرا، نەینەوا و هەولێر – ئاماژەیان بەوە کرد کە وەک پێویست بەشدارییان پێنەکراوە. وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکان وتی:

> **سەبارەت بە ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS)، ئێمە لە ڕووی کردارییەوە شارەزاییمان هەیە. بەڵام، لە کاتی نووسینی سێیەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP)دا پرس و ڕامان پێنەکرا. ئێمە تەنها دوای ئەوەی کە نووسرا و پەسەند کرا، پێمان زانی. بە پێچەوانەی پلانی یەکەم و دووەم، هیچ ڕاوێژکارییەکی کۆمەڵایەتی نەبووو، سەرجەمی پرۆسەکە ناڕوون بوو.**

ئەم بەشدارپێنەکردنە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ڕاوێژکردن کێشەیەکی گەورە بووە. ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە لەوەی کە تەنها بۆ 'کۆبوونەوەی گشتی' بانگکراون لەوێش باسی وردەکاری و گفتوگۆی قووڵیان تێدا نەکردوە. ئەوەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی دیاریکراوی نەبووە لە نووسینی ناوەڕۆکی *پلانی کاری نیشتمانی (NAP)*دا، وایکردووە کە سەرکردەکانی مافەکانی ئافرەتان هەست بە پەراوێزخستن بکەن. سەرکردەی یەکێک لە ڕێکخراوەکان ڕوونیکردەوە:

> ***ئێمە بانگهێشتی دووەم کۆبوونەوەی گشتیی سادە کراین، بەڵام باسی قووڵ یان تایبەت بە هیچ پایەیەکی پلانەکە نەکرا. ئەم کۆبوونەوانە لە دەرەوەی وڵات بوون، و ڕۆڵێکی ڕوونمان پێنەدرا بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی پلانەکە بنووسینەوە یان پێیدا بچینەوە.***


ئەو بۆشاییەی نێوان پرۆسە کراوەکەی پێشووتری دووەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP) و شێوازە داخراوەکەی پلانی سێیەم، وایکردووە کە ڕێکخراوەکان گومان لە پابەندبوونی حکومەت بکەن بۆ چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی پێداویستییەکانی ئافرەتان و کەمینەکان. نوێنەرێک بە ئانۆمێدییەوە وتی:

***هێشتا نازانین ئایا تێبینییەکانی ئێمە لە سێیەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP)دا ڕەنگی داوەتەوە یان نا. پلانەکە هێشتا ڕانەگەیەندراوە و بۆ پێداچوونەوەش بۆ ئێمە نەنێردراوە، و دەرفەتی ئەوەشمان نەبووە کە تێبینیی خۆمان پێشکەش بکەین.***

تەنانەت لەو شوێنانەی کە کەمێک ڕاوێژیش هەبوو، زۆر کەس پێیانوابوو زیاتر کارێکی ڕووکەش بوو بۆ ئەوەی بڵێن 'کردمان'، نەک پرۆسەیەکی جدی. وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان (WROs) ئاماژەی پێکرد:

**ئێمە بینیمان کە حکومەت خۆی ڕەشنووسەکەی نووسیبوو و تەنها دوای ئەوە بانگی کۆمەڵگەی مەدەنیی کردبوو بۆ ئەوەی سەرنجی لەسەر بدات. ئەمە ڕاوێژکاریی ڕاستەقینە لاواز دەکات. دەبێت ڕێکخراوەکان هەر لە یەکەم هەنگاوەوە بەشدار بن – نەک دوای ئەوەی کە هەموو بڕیارەکان دراون.**

جێی سەرنجە، ئەمە یەکەم خولی پلانی کاری نیشتمانی (NAP) یە کە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی کاری نیشتمانیی (NAP) جیاوازیان داڕشتووە. لەکاتێکدا ئەمە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی سیاسی و کارگێڕیی عێراقە، ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرتان لە هەردوو ناوچەکەدا تێبینییان کردووە کە وا دیارە هیچ سەکۆیەکی هەماهەنگیی هاوبەش، پرۆسەی داڕشتنی هاوبەش یان میکانیزمێکی چاودێریی یەکگرتوو بوونی نییە. ئەم پارچەپارچەییە نیگەرانیی دروست کردووە سەبارەت بەوەی کە ئایا هەردوو پلانەکە ڕەنگدانەوەی ستراتیژێکی نیشتمانیی یەکگرتوون یان مەترسیی ئەوەیان هەیە کە جیاوازیی نێوان ناوچەکان زیاتر بکات. وەک بەشداربوویەک لە میانەی ڕاوێژکارییەکاندا باسی کرد، نەبوونی شەفافیەت سەبارەت بە یەکخستنی کارەکان، وایکرد زۆرێک لە ڕێکخراوەکان هەست بکەن *"تەواو لە وێنە نیشتمانییەکە دابڕاون"*.[11]



ئەم بەشدارپێنەکردنە نەک تەنها ناوبانگی سێیەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP) دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو کاریگەریی گشتیی پابەندبوونی عێراق بە ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS)یش لاواز دەکات. هەروەها سێیەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP) ڕەخنەی ئەوەشی لێگیراوە کە ڕێکخراوەکان دەیانوت لاسایی ئەو ڕێبازەی کردووەتەوە کە بۆ پلانەکانی کاری نیشتمانی (NAP) لە وڵاتانی وەک قەتەر و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (UAE) گیراوەتەبەر، کە تێیدا 'خێزان' کراوەتە چەقی شیکارییەکە. ڕاستە ئەم چوارچێوەیە لەوانەیە لە هەندێک شوێندا لە ڕووی کولتوورییەوە گونجاو بێت، بەڵام مەترسیی ئەوەی هەیە کە مافە تایبەتەکانی ئافرەتان و سەربەخۆییان پشتگوێ بخات و شەرعییەت بداتە ئەو قسە زیانبەخشانەی کە دەڵێن ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) "ئەجێندایەکی ڕۆژئاواییە".

سەرەڕای ئەم ئاستەنگە، کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوامە لە نوێنەرایەتیکردنی دیدگا و ڕێبازی جۆراوجۆر. هەندێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) بە وریاییەوە گەشبینن سەبارەت بە جێبەجێکردنی سێیەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP)، بەتایبەتی لەم قۆناغە سەرەتاییەدا. وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکان لە میانەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان (KII)دا وتی:

> **جێبەجێکردنی پلانەکانی پێشوو دیار نەبوو و شایەنی پێوانەکردن نەبوو، بەڵام پلانی ئێستا هیوابەخشە و دەبینین حکومەت زۆر هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات. بەڵام، ناتوانین حوکم بدەین چونکە ڕەشنووسی پلانی کاری نیشتمانی سێیەم تەنها دوو مانگە بڵاوکراوەتەوە.**

ڕەخنەیەکی تر لەسەر سێیەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP) ئەوەیە کە ڕوون نییە چۆن چاودێری دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش وا دەکات توانای ئەوەی کەم بێتەوە کە کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی هەبێت.

زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) نیگەرانن لەوەی کە پلانەکە شێوازی ڕوونی بۆ لێپرسینەوە و پێوەری بۆ پێوانەکردنی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەکان تێدا نییە. وەک ڕێکخراوێک وتی:

> **[ڕێکخراوەکەمان] زۆر بە جددی بەشدار بوو لە نووسینی یەکەم پلانی کاری نیشتمانیی (NAP) عێراق بۆ بڕیاری ١٣٢٥، بەڵام لە ڕاوێژکارییەکانی پلانی سێیەمدا دوورخرایەوە. هەرچەندە کارەکانی ئێمە زۆر لەگەڵ پایەکانی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS)دا دەگونجێت، بەتایبەتی پاراستن و بەشداری، [ئێمە نیگەرانین] لە نەبوونی چاودێری و بەدواداچوون لەلایەن حکومەتەوە.**

ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) لە سەرانسەری عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا هەمان نیگەرانییان هەبوو: *"پلانی کاری نیشتمانی بۆ ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) بە شێوەیەکی کاریگەر پشتیوانیی لە بەشداریی ئافرەتان نەکردووە. جێبەجێکردنەکەی لاوازە و چوارچێوەیەکی گونجاوی چاودێری یان هەڵسەنگاندنیشی نییە."*

شایەنی باسە کە سێیەم پلانی کاری نیشتمانیی عێراق و پلانی کاری هەرێمی کوردستانی عێراق، لەکاتێکدا کە پەیوەستن بە یەکەوە، چوارچێوەی چاودێریی جیاوازیان هەیە. پلانی کاری بۆ هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەوانە تەرخانکردنی بودجەی دیاریکراو بۆ هەر پایەیەکی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش. ئەم بودجانە بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، دامەزراوە ئەکادیمییەکان و کۆمەڵگەی بەخشەرە نێودەوڵەتییەکاندا دابەش کراون. سەرەڕای ئەم پێشکەوتنانە، وەک ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان ئاماژەیان پێکرد، پلانی کاری هەرێمی (RAP) بۆ هەرێمی کوردستان تازە بڵاوکراوەتەوە. بۆیە، کاریگەرییەکەی لە کۆتاییدا پشت بە جێبەجێکردنێکی کاریگەرو دابینکردنی سەرچاوەی پێویست دەبەستێت.

نیگەرانییەکی بەرچاوی تر کە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە وروژێنراوە، نەبوونی ڕێبازێکی خۆجێییە. کشانەوەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (UNAMI) و لاوازبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئافرەتان دۆخەکەی خراپتر کردووە.[12] لەجیاتی دڵنیابوونەوە لە گواستنەوەیەکی بەرپرسیارانە یان پشتیوانیکردن لە بەهێزکردنی ژێرخانی خۆجێیی و سەرکردایەتی، هەردوو لایەنەکە تا ڕادەیەکی زۆر کشاونەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکی جدی یان وەبەرهێنانێک لە

میکانیزمە بەردەوام و خۆجێییەکاندا لەدوای خۆیان بەجێبهێڵن. کشانەوەی UNAMI و ئامادەنەبوونی بەردەوامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئافرەتان دۆخێکی پارچەپارچەیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە، کە تێیدا لە گرووپە ناوخۆییەکان چاوەڕوان دەکرێت خۆیان کارەکان بگرنە دەست، بەبێ ئەو ڕاهێنان یان پشتیوانییە ستراتیژییەی کە ماوەیەکی زۆرە بەڵێنیان پێدراوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شێوازی پلاندانانەکە وەک ئەوە وابێت کە لە دەرەوە سەپێنراوە و لە واقیعی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) و ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) دوور بێت. بەبێ پلانی ڕاستەقینەی خۆجێیی و بەدواداچوونی شەفاف – کە لەلایەن خودی کۆمەڵگەی مەدەنی و بڕیاربەدەستانی عێراقەوە داڕێژرابێت و سەرپەرشتی بکرێت – سێیەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP) مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە تەنها ببێتە بەڵگەنامەیەکی ڕەمزیی تر، لەجیاتی ئەوەی ببێتە ئامرازێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاری.

لەکاتێکدا هەندێک ڕێکخراو نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە جیاوازیی نێوان سیاسەت و پراکتیک لە جێبەجێکردنی ڕێبازێکی خۆجێییدا دەربڕی ، بەڵام هەموو ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) وایان نەوت. ڕاستە حکومەتی هەرێم پلانێکی خۆجێیی هەیە، بەڵام عێراق وڵاتێکی هەمەچەشنە؛ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە مۆدێلێکی 'یەک قەبارە بۆ هەمووان' نە واقیعییە و نە سوودیشی هەیە. سەرەڕای ئەمەش، ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) لە میانەی ڕاوێژکارییەکانی پرۆژەی نیسامدا باسیان لەوە کرد کە چۆن بۆ داکۆکیکردن لە بەشداریپێکردنیان و بۆ نوێنەرایەتیی هەمەچەشنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ بڕیاربەدەستاندا بۆ سێیەم پلانی کاری نیشتمانی (NAP) مامەڵەیان لەگەڵ ئەم گرژییانەدا کردووە. وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکان لە میانەی گفتوگۆی فۆکەس گروپدا (FGD) لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نیشتەجێی عێراقی فیدراڵدا وتی:

> **دوای ئەوەی حکومەت بە فەرمی( پلانی کاری نیشتمانی (NAP) (ی ڕاگەیاند، ئێمە بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی خۆجێیی هاوپەیمانییەکی ئافرەتانمان دامەزراند... هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو، و کارمان لەسەر دوو گرووپ کرد کە بریتی بوون لە ئافرەتانی سەرکردەی پارێزگاکە و بەشداربووانی پرۆگرامەکانی پێشووی [ڕێکخراوەکەمان]؛ ئەم هاوپەیمانییە لەلایەن [پلانی کاری نیشتمانی (NAP)]ەوە پشتیوانی دەکرا.**

بەهۆی ئەو جیاوازییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەمنییانەی کە لە سەرانسەری عێراقدا هەیە، ئەم نموونەیە ئەزموونێک نیشان دەدات کە پێویستە لە سەرتاسەری وڵاتدا دووبارە بکرێتەوە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە سێیەم **پلانی کاری نیشتمانی (NAP)** لەسەر بنەمای پێویستی و داواکارییەکانی هەر ناوچەیەک دانراوە.

### *ئاستەنگە بەردەوامەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانیی (NAP) ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) لە عێراقدا*

بە درێژایی سێ پلانی کاری نیشتمانی (NAP)، پابەندبوونی عێراق بە ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بووەتەوە. ئەمانە بریتین لە بچووکبوونەوەی فەزای مەدەنی، کەمیی سەرچاوە، نایەکسانی لە تەرخانکردنی بودجەدا، و کەمیی توانا و بەشداریی ڕاستەقینەی ئافرەتان لە داڕشتنی سیاسەتدا.[13]

بە کورتی، پابەندبوونی فەرمیی عێراق بە ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) – لە ڕێگەی پەسەندکردنی بڕیاری ١٣٢٥ و داڕشتنی چەندین پلانی کاری نیشتمانی (NAP) – بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتووەتە ژێر کاریگەریی پارچەپارچەیی سیاسی و خێڵەکی و کەشێکی کولتوورییەوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ داخراوتر دەبێت.[14] سەرەڕای ئەم پابەندبوونە فەرمییانە، جێبەجێکردنی ئەجێنداکە بەهۆی بەربەستی قووڵی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە لاواز بووە، و ڕێگری لە هەر پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە لە وڵاتەکەدا دەکات.




## 2. ئاستەنگەکانی تایفەگەری و پارچەپارچەیی سیاسی و جیاوازییە هەرێمییەکان

سیستەمی سیاسی لە عێراقدا هێشتا بە قووڵی لەسەر بنەمای دابەشکاریی تایفەیی دەسەڵات دەڕوات، کە پۆستەکان بەپێی پشکی نەتەوەیی و خێلەکی دابەش دەکرێت، نەک بەپێی شایستەیی.[15] زۆرجار ئەم سیستەمە وادەکات وەزارەتەکان پڕ بن لەو کەسانەی کە بەپێی لایەنگیریی سیاسییانەوە هەڵبژێردراون نەک لەسەر بنەمای شارەزاییان، ئەمەش زۆر بە خراپی کاریگەریی لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتەکان هەیە.[16] ئەمە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و نەرێنیی لەسەر پێشخستنی مافەکانی ئافرەتان هەبووە. وەک نوێنەری یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WRO) ئاماژەی پێکرد.

> **یەکێک لە گەورەترین کێشەکان کە ئێستا ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکەمان بووەتەوە لە پێشخستنی مافەکانی ئافرەتان و ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) لە عێراقدا، ئەو گەندەڵییە قووڵ و سیستەماتیکەیە کە لەناو حکومەتدا بوونی هەیە.[17]**

ئەم نەبوونی لێپرسینەوەیە، لەگەڵ نەبوونی ئیرادەی سیاسی لە هەردوو هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵدا، وایکردووە جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) بەشێوەیەکی کاریگەر لاواز بێت. هەرچەندە سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، کە لە ٢٠٢٢ەوە دەستبەکاربووە، بە ئاشکرا پشتیوانیی خۆی بۆ ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) نیشان داوە، وەک لە بەیاننامە هاوبەشەکەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیادا لە ساڵی ٢٠٢٥ دیار بوو، بەڵام سیستەمە سیاسییەکە خۆی کۆسپی گەورە لەبەردەم جێبەجێکردندا دروست دەکات.[18] تایفەگەری قووڵ لەناو حکومەتی فیدراڵیدا و کاریگەریی میلیشیا و گرووپە سیاسییە ئایینییە توندڕەوەکانەوە، ڕێگری لە هەر گۆڕانکارییەکی قووڵ و کارێکی جدی بۆ پێشخستنی مافەکانی ئافرەتان و کچان دەکەن. وەک نوێنەری یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) وتی:

> **کاتێک [سەرۆک وەزیران] باس لە ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) دەکات – ئەو لەمەدا ڕاستگۆیە، بەڵام کۆنترۆڵی هەموو ئەو وەزارەتانەی بەدەستەوە نییە کە سەر بە حیزبەکانن.**



کاریگەریی ڕاستەقینەی ئەم پارچەپارچەبوونە سیاسییانە لەناو خەڵکدا هەستی پێدەکرێت. پارچەپارچەبوونی سیاسی لەنێوان حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا و دەسەڵاتە هەرێمی یان پارێزگاکاندا، بەربەستی زیاتر بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) یان هەر کارێکی تایبەت بە جێندەر دروست دەکات. وەک ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WRO) لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان (KIIs)دا وتیان، ئەم دابەشبوونانە وادەکەن کە وەرگرتنی ڕەزامەندی، دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر پرۆگرامی هەستیار بەرامبەر بە جۆری کۆمەڵایەتی، یان پاراستنی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ بڕیاربەدەستە گرنگەکاندا قورس بێت. دوو نوێنەری ڕێکخراوەکان ئاماژەیان بەوە کرد:

**لە هەندێک ناوچەدا، ناچارین بۆ جێبەجێکردنی یەک پرۆژە بە جیا لەگەڵ چەند لایەنێکدا قسە بکەین، ئەمەش کارەکان دوادەخات، ئەرکی کارگێری زیاد دەکات و هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە داواکاریی دژبەیەکمان لێبکرێت.**

**تەنانەت دوای واژۆکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن (MOU) لەگەڵ چەند وەزارەتێک و بەشداریکردن لە کاری هاوبەشدا، هێشتا ڕووبەڕووی دژایەتی دەبینەوە لەلایەن ئەو بەرپرسانەی کە ئایدۆلۆژیای تایەفی و پیاوسالاری بڵاودەکەنەوە.**

ئەم هۆکارە هەرێمی و سیاسییانە نەک تەنها ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا سنووردار دەکەن و کارمەند و هاوبەشەکانیان دەخەنە مەترسییەوە، بەڵکو دەبنە هۆی ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە بەخشەرەکانیش ئاڵۆز بکەن، ئەگەر ڕێگری لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بکرێت. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخانەدا، زۆرجار تەنها توانای تەکنیکی بەس نییە، بەڵکو پێویستت بە تێگەیشتنێکی قووڵی سیاسی و هەماهەنگیی بەردەوام و پلان و ستراتیژێکی گونجاو هەیە کە بتوانێت خۆی لەگەڵ پێکهاتە گۆڕاوەکانی دەسەڵات و دۆخی ئەمنیدا بگونجێنێت. لە ئەنجامدا، سەرەڕای وتاری سیاسیی فەرمی، کاریگەریی بەرجەستەی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) بە شێوەیەکی سنووردار ماوەتەوە.

بەڵام، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا (KRG)، واقیعەکە کەمێک جیاوازە. دەوترێت کە هەرێم تا ڕادەیەک لە بواری مافەکانی ئافرەتاندا پێشکەوتووترە. بۆ نموونە، هەرێمی کوردستان یاسایەکی بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان دەرکردووە. لەکاتێکدا هێشتا کێشە لە جێبەجێکردنیدا هەیە، خودی بوونی یاسایەکی لەو شێوەیە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs)ەوە وەک هەنگاوێکی ئەرێنی و هاندەر وەسف کرا. لە بنەڕەتدا، چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژیدا دابین دەکات کە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت بۆ پێشکەشکردنی پاراستنی ئافرەتان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاستەنگەکان هەر ماون و، سەرەڕای ئەم ژینگە یاساییە تا ڕادەیەک پێشکەوتووترە، حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) هێشتا لەژێر کاریگەریی کێشە سیاسییە گەورەکاندایە. هەر وەک نوێنەرێی یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان (WROs) ئاماژەی پێکرد:

> **خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئامانجیان بۆ کۆمەڵگە هەژارەکانە، سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابین ناکرێت. لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٥ەوە، گرژییە سیاسییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) و حکومەتی ناوەندی بوونەتە هۆی پچڕانی بەردەوامی ناردنی بودجە. ئەم فشارە ئابوورییانە کەرتی تەندروستی و پەروەردە و سیستەمە گشتییە گرنگەکانی تریان لاواز کردووە، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی زیاتر کردووە و بوونەتە هۆی زیادبوونی توندوتیژی.**

هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) هێشتا ڕووبەڕووی دەرەنجامی گرژییە نیشتمانییەکان دەبێتەوە، کە بە ناسەقامگیریی ئابووری و پارچەپارچەیی سیاسی دەناسرێنەوە. ئەمە تواناى هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای ئافرەتان ، ئاشتی و ئاسایش (WPS) و پاراستنی خزمەتگوزاریی بەردەوام بۆ ئافرەتان تێکدەدات، و لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر توانای هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوونی بە مافەکانی ئافرەتانەوە دادەنێت.

## 3. بچووکبوونەوەی فەزای مەدەنی و هەڵمەتی دژایەتیکردنی جێندەر

لەکاتێکدا کە پارچەپارچەیی سیاسی و تایفی لەناو پێکهاتەی حوکمڕانیی عێراقدا بە توندی ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) دەکات، بەهۆی ئەو قسە دژە-جێندەرییەی کە لەم ساڵانەی دواییدا زیادی کردووە، خراپتر بووە.

هەروەها ژینگەی کارکردن بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs)، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) و ئافرەتانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ (WHRDs) لە عێراقدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت لەگەڵ بچووکبوونەوەی بەرچاوی فەزای مەدەنی لە ساڵانی ڕابردوودا.[19] لەکاتێکدا کە کۆمەڵگەی مەدەنی ماوەیەکی درێژە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە، بەڵام هەڵکشانی گوتاری دژ بە جۆری کۆمەڵایەتی بە سەرکردایەتیی دەوڵەت، بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٢٣دا، وەرچەرخانێکی جددیی بوو لەو شێوازەی کە کاری یەکسانیی جێندەری وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر کولتووری عێراق سەیر دەکرا و لە هەموو عێراقدا ڕێگری لێدەکرا.[20]

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٣- هەڵمەتێکی ڕێکخراوی -دژ بە جۆری کۆمەڵایەتی لە دەزگا- ئەمنییە نیشتمانییەکانی عێراقەوە دەستیپێکرد، کاتێک دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بۆ یەکەمجار ڕێنماییەکی دەرکرد و بە فەرمی بەکارهێنانی وشەکانی وەک 'جێندەر'، 'تواناسازی' و 'یەکسانی' لە بەڵگەنامە و پرۆگرامە فەرمییەکاندا قەدەغە کرد. هەرچەندە هەندێک لەم قەدەغەکراوانە لە شوباتی ٢٠٢٤دا هەڵوەشێنرانەوە، زیانەکە پێشوەختە بەربڵاو بووە، و ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان (WROs) و کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) لە کەشێکی پڕ لەترس و ئەمنیدا کاریان دەکرد.[21] سەبارەت بەو پرۆژەیە و لە ڕاوێژکارییەکانمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs)، ڕوونە کە هەڵمەتی -دژی-جۆری کۆمەڵایەتی ٢٠٢٣ کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ژنان هەبووە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بەشدارن لەکاری جێندەر و -داکۆکیکردن بۆ ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS)-. ئەو دژایەتییە گشتییەی کە بەرامبەر جۆری کۆمەڵایەتی دەکرێت — و وەک 'هەڕەشە' بۆ سەر بەها کۆنەکان ناوزەد دەکرێت — ژینگەیەکی زۆر خراپی بۆ چالاکوانانی مافەکانی ئافرەتان دروست کردووە. زۆرێک لە ڕێکخراوەکان باسیان

لە زیادبوونی هەڕەشەکان کردووە، چ جەستەیی و چ لەڕێگەی ئینتەرنێت، و تۆمەتبار دەکرێن بە جێبەجێکردنی 'ئەجێندای ڕۆژئاوایی' و 'تێکدانی کولتووری عێراق'.[22] گوتارەکە – کە زۆرجار لەلایەن خودی دەوڵەتەوە سەرپەرشتی کراوە – کەشێکی نەخوازراوی بۆ خۆپاراستن لەڕوی زمانی دەربڕینەوە دروست کردووە، و ئێستا زۆرێک لە چالاکوانان و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەترسن بە ئاشکرا باس لە کێشەکانی جۆری کۆمەڵایەتی بکەن لە ترسی تۆڵەسەندنەوە. ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) لەنێوان داکۆکیکردن بۆ گۆڕانکاری و خۆپاراستن لە دەرەنجامە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیان لەسەر پەتێکی باریک دەبیننەوە.

یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) ئەزموونی خۆی بەم شێوەیە باسکرد:

> **"ڕێکخراوەکەمان بۆ پێشخستنی مافەکانی ئافرەتان و جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) لە عێراقدا لە ژینگەیەکی کارکردنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قورستردا کاردەکات. تێکچوونی فەزای گەشەپێدان و دیموکراسی هاوکاتە لەگەڵ سەرکوتکردنێکی مەترسیدار بۆ سەر گوتاری مافەکانی ئافرەتان. بە فەرمی، زاراوەکانی وەک 'جێندەر' و 'یەکسانی' قەدەغە کراون."**



ژینگەی یاسایی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قورسترو ئاڵۆزتر دەبێت. لە ساڵی ٢٠٢٤دا، یاسای دژە-لەشفرۆشیی عێراق (یاسای ژمارە ٨ی ١٩٨٨) هەموار کرایەوە[23] و بە زیادکردنی دەستەواژەی 'لادانی سێکسی' بواری یاساکە فراوانتر کرا. هەرچەندە دەڵێن ئامانجەکە پاراستنی ڕەوشتی گشتییە، بەڵام نەبوونی پێناسەیەکی یاسایی ڕوون بۆ 'لادانی سێکسی' نیگەرانیی لای گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست کردووە کە لەوانەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکبدرێتەوە. چەندین ڕێکخراوی مافەکانی ژنان **(WROs)** تێبینییان کردووە ، کە لە واقیعدا، لەوانەیە یاساکە بە شێوەیەک جێبەجێ بکرێت کە داکۆکیکردنی شەرعی و بەشداریی کۆمەڵایەتی سنووردار بکات. بە تایبەتی، ڕاپۆرت هەیە کە دەڵێت ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری یەکسانیی جێندەری و پاڵپشتی گەنجان و پەروەردەی مافەکاندا کاردەکەن، چاودێریی زیاتریان خراوەتە سەر .[24] هەندێک لە ڕێکخراوەکان نیگەرانیی خۆیان دەربڕی کە ناڕوونییە یاساییەکە لەوانەیە کاریگەرییەکی بێهیواکەری لەسەر فەزای مەدەنی و دیالۆگی گشتی هەبێت، بەتایبەتی بۆ ئەو گرووپانەی کە لە جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS)دا بەشداری دەکەن. ئەگەر پێناسە یاساییەکان ڕوون بکرێنەوە و پارێزگاری لە گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی عێراق بە حوکمڕانیی گشتگیر و بنەماکانی بڕیاری ١٣٢٥ەوە. وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکان وتی:

*"ئەمە بووەتە کێشەیەکی یاسایی لە عێراقدا – ئەگەر وشەکانی وەک 'جێندەر' یان هەر شتێک بەکاربهێنیت کە وەک پشتگیریکردن لە مافەکانی هاوڕەگەزخوازان، دووڕەگەزخوازان، ترانسجێندەر، ئینتەرسێکس، و ئاراستەی سێکسی و ناسنامە جێندەرییە هەمەچەشنەکانی تر (+LGBTQI) لێکبدرێتەوە، تووشی کێشەی یاسایی دەبیت. یاسای دژە-لەشفرۆشی، بەو بەندەی تایبەت بە 'لادانی سێکسی'، هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە."*

ڕێکخراوێکی تری مافەکانی ئافرەتان (WROs) ڕایگەیاند: "من تۆمەتبار کراوم بە پەرەپێدانی لەشفرۆشی تەنها لەبەرئەوەی کە ئێمە چاودێریی پزیشکی و دەروونی-کۆمەڵایەتی پێشکەش بە ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی دەکەین – چ پیاو و چ ئافرەتان. خراپتر لەوەش، تۆمەتبار کراوین بە پەرەپێدانی مافەکانی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە (LGBTQ)، هەرچەندە کاری ئێمە ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە نییە. مەبەست لەم تۆمەتانە ناوزڕاندن و ترساندنە." ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) وتیان کە زۆرجار ڕەزامەندی وەرگرتنیان بۆ توێژینەوە و ڕاپرسی و چالاکییەکانی تر دوادەکەوێت، بەتایبەتی کاتێک پڕۆگرامەکان لەنێوان هەرێم و عێراقی فیدراڵیدا ڕێکدەخەن، چونکە ئەمە پێویستی بە مۆڵەتی هەردوو حکومەتەکە هەیە. دەزگا ئەمنییەکان هەمیشە دەستێوەردان لە پڕۆگرامی ڕێکخراوەکاندا دەکەن و داوایان لێدەکەن پێش دەستپێکردنی کاری مەیدانی مۆڵەت وەربگرن، پرسیارەکانی توێژینەوە بسڕنەوە یان ناچاریان دەکەن ناوەڕۆکەکە بگۆڕن بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی حکومەتدا بگونجێت. هەندێک ڕێکخراو تەنانەت وتیان کە لە کاتی وۆرکشۆپەکانیاندا چاودێری کراون و و ئەندامانی هەواڵگری ئامادەبوون بۆ چاودێریکردن و ترساندنیان:

**ئێمە دەزگا هەواڵگرییەکانمان وەک بەشێک لە بەشداربووان ناسیوەتەوە بۆ پاراستنی سەلامەتی خۆمان. ئاستی چاودێریکردنەکە زۆر بەرزە و وای لێکردووین خۆمان بگونجێنین. ناچار بووین سەیری هەموو کارێک بکەینەوە کە دەیکەین بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوە لەوەی سەرئێشە بۆ خۆمان دروست ناکەین.**

یەکێک لەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کرد وتی: "چاودێریی بەردەوام و فشار بۆ ملکەچبوون بەرامبەر بە سیاسەتەکانی حکومەت، زۆر ڕێکخراوی ناچار کردووە کە کارەکانیان بە شێوەیەکی نهێنیتر ئەنجام بدەن.

**چیتر شوێنی کارەکانمان ئاشکرا ناکەین، و هیچ شتێک سەبارەت بە چالاکییەکانمان بڵاوناکەینەوە و قسەی لەسەر ناکەین تا تەواو دەبن. بە تایبەتی کاری مەیدانی بۆتە کارێکی مەترسیدار.**



زۆرێک لە ڕێکخراوەکان تەنانەت ئامادە نین ڕاپۆرت پێشکەش  بە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHRC) بکەن، یان لە ترسی تۆڵەسەندنەوە باسی چالاکییەکانیان ناکەن. ڕێکخراوێک وتی: "هیچ ڕێکخراوێکی ناحکومیی عێراقی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ڕاپۆرتی سێبەر بۆ پێداچوونەوەی خولی گشتگیر (UPR) پێشکەش نەکردووە. ئەوانەی کە کردوویانە، لە ڕێگەی تۆڕە هەرێمییەکانەوە کردوویانە بۆ ئەوەی ناوەکانیان بە شاراوەیی بمێنێتەوە."

### *ئەو تۆڵەسەندنەوانەی کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) و کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) دەبنەوە*

ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) و کۆمەڵگەی مەدەنی (CSOs) باسیان لەوە کرد کە چۆن بە شێوەیەکی بەردەوام لەبەرامبەر کارەکانیاندا ڕووبەڕووی تۆڵەسەندنەوە دەبنەوە.  هەڕەشەکان، چ جەستەیی و چ لەڕێگەی ئینتەرنێت، خراپتر بوون، بەتایبەتی لەدوای هەڵمەتی دژە-جێندەریەکەی ساڵی ٢٠٢٣وە ، کە وایکردووە کارەکانیان نەک تەنها قورس بێت، بەڵکو لە هەندێک حاڵەتدا مەترسیداریش بێت. هەڕەشەی فیزیکی لەلایەن گرووپ و ڕێکخراوی حکومی و ناحکومییەوە نیگەرانییەکی بەرچاو و هەمیشەییە، بەتایبەتی بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە لەسەر مافەکانی ئافرەتان و توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (GBV)کاردەکەن، بە تایبەتی لە ناوچە دواکەوتوەکاندا. ڕێکخراوێک باسی کرد:

" ئێمە بەردەوام هەڕەشەی دیجیتاڵی و مەیدانیمان لەسەرە. لەم دواییانەدا، لانیکەم هەشت ڕێکخراوی مافەکانی ئافرەتان – لەوانە ڕێکخراوەکەی ئێمە – کرانە ئامانج. تۆمەتباریان کردین بە وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی ئەمریکی بۆ جێبەجێکردنی 'ئەجێندای گوماناوی' و 'بڵاوکردنەوەی هاوڕەگەزخوازی'، ئەمەش کاردانەوەی خراپی کۆمەڵایەتی و ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی لێکەوتەوە".

 ئەم هەڕەشە فیزیکییە تەنها بۆ سەرکردەی ڕێکخراوەکان نین، بەڵکو زۆرجار کارمەندان و خۆبەخشەکانیش دەگرێتەوە. ئەوانەی لە بەرەی پێشەوە کاردەکەن بەهۆی ناهەمواری دۆخیانەوە ناچار بوون خۆیان بپارێزن، بۆ نموونە کارمەندەکانیان بگوازنەوە و جوڵەی ئەو کەسانەی کە زۆرترین مەترسییان لەسەرە سنووردار بکەن. ڕێکخراوێک باسی کرد:

> **”هەندێک لە هاوکارەکانمان ناچار کراون بۆ سەلامەتیی خۆیان بچنە هەرێمی [کوردستانی عێراق]. دۆخەکە ئەوەندە ناسەقامگیر بووە کە ناچار بووین ئامادەبوونمان لە نووسینگەکاندا سنووردار بکەین و زۆرجار لە ماڵەوە کار بکەین بۆ ئەوەی نەکرێینە ئامانج.“**

ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) نەک تەنها ڕووبەڕووی هەڕەشەی جەستەیی دەبنەوە، بەڵکو هەڕەشەی ئۆنلاینیشیان لەسەرە – توندوتیژیی دیجیتاڵی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت و بووەتە ئامرازێک بۆ چاوترساندن. سۆشیال میدیا وەک چەکێک بەکارهێنراوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و چەواشەکارانە سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) و ئافرەتانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ (WHRDs)، کە زۆرجار تۆمەتباریان دەکەن بە جێبەجێکردنی 'ئەجێندای ڕۆژئاوایی' یان تێکدانی بەها کولتووری و ئایینییەکانی عێراق: "هەڵمەتی ناوزڕاندنی ئۆنلاین ڕاستەوخۆ ئێمەی کردووەتە ئامانج. تۆمەتبار کراوین بە پەرەپێدانی 'هاوڕەگەزخوازی' و 'هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگەی نەریتی'. گێچەڵی ئۆنلاین دەبێتە هۆی لەکەدارکردنێکی کۆمەڵایەتیی گەورەتر و ژینگەیەکی دوژمنکارانەمان بۆ دروست دەکات بۆ بەردەوامبوون لە کارەکانمان."

ئەو گێچەڵە ئۆنلاینەی کە ڕووبەڕووی چالاکوانان دەبێتەوە، دەکرێت لە هەڵمەتی ناوزڕاندنی ڕێکخراوەوە دەست پێبکات تا دەگاتە هەڕەشەی ڕاستەوخۆی توندوتیژی.  ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گێچەڵ و هەڕەشەی ئۆنلاین بریتییە لە ئەنجامدانی کارو پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی نهێنی، دەرنەخستنی کارەکان تا تەواو دەبن، و شاردنەوەی ناسنامە لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکانی پرۆژەدا بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی تۆڵەسەندنەوە. یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان (WROs) ستراتیژی خۆی بەم شێوەیە باسکرد: "ئێمە چیتر هیچ شتێک بڵاوناکەینەوە تا پرۆژەیەک کۆتایی دێت. هەروەها لەڕوی ڕێکارەکانی سەلامەتیی دیجیتاڵی و کەسیی ڕاهێنانمان بە ستافەکانمان کردوە بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوە کە هەم ئۆنلاین و هەم ئۆفلاین پارێزراوین."

هەروەها ئەم فشارە بووەتە هۆی تۆڵەسەندنەوەی ناڕاستەوخۆ، وەک کەمکردنەوەی پاڵپشتی دارایی و ڕاگرتنی چالاکییە گرنگەکانی پرۆژەکان. ترسی تۆڵەسەندنەوە لەلایەن گرووپە حکومی و ناحکومییەکانەوە زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs)ی ناچار کردووە کە بە 'نهێنی' کاربکەن، و دەرکەوتنیان کەم بکەنەوە و چالاکییەکانیان سنووردار بکەن. هەروەها

هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە زۆرێکیانی ناچار کردووە کە پێداچوونەوە بە ستراتیژی ڕێکخراوەیی خۆیاندا بکەنەوە، وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکان ئاماژەی پێکرد:

> **ناچار بووین دووبارە بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەینەوە کە دەیکەین. مەترسییەکان لەسەر خۆمان ئەوەندە زۆرن کە تەنانەت کارە سادەکانیش پێویستیان بە پلاندانانی ورد هەیە. ئامادە بوونمان لە ئۆفیسەکاندا سنووردار بووە، و ناتوانین زۆر بە ئاشکرا باسی چالاکییەکانمان بکەین. لەم کاتەدا، ئەمە واقیعی کارکردنی ڕێکخراوێکی مافەکانی ئافرەتانە لە عێراقدا.**

هەندێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) هەوڵیان داوە هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، تۆڕەکانی داکۆکیکردن یان دامەزراوە حکومییەکاندا دروست بکەن کە بتوانن بیانپارێزن. هەندێکی تر ڕوویان لە تۆڕە هەرێمییەکان کردووە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەن ناسنامەیان بشارنەوە و لە هەمان کاتدا بتوانن بەشداری لە داکۆکیکردن و پڕۆژە هاوبەشەکاندا بکەن. ئەم تۆڕانە تا ڕادەیەک ئاسایش و هەروەها پشتیوانی دابین دەکەن.

سەرەڕای ئەو تۆڵەسەندنەوانەی کە زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان (WROs) ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەوان زۆرجار هەر بەردەوامن لە داکۆکیکردن و تەنانەت لەژێر فشاری بەردەوامیشدا ڕێگایان بۆ خۆگونجاندن و بەردەوامبوون لە کارەکانیان دۆزیوەتەوە. یەکێک لە ستراتیژە سەرەکییەکانیان گۆڕینی ئەو زمانە بووە کە لە کارەکانیاندا بەکاریدەهێنن. بەهۆی ئەو مەترسییانەی لە بەکارهێنانی وشەکانی وەک 'جێندەر' و توانا‌سازی ئافرەتان 'دا هەیە، ڕێکخراوەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر زاراوەی جێگرەوەی بێلایەنتری وەک 'دادپەروەری لەنێوان ڕەگەزەکاندا' و 'ڕۆڵی ئافرەتان و پیاو' بەکاردەهێنن.

هەندێک ڕێکخراو ڕەتیان کردووەتەوە کە زمانی جیاواز بەکاربهێنن. ڕێکخراوێک وتی:

> **بڕیارماندا ئەو چەمکانەی کاریان لەسەر دەکەین نەیانگۆڕین. بەردەوامین لە بەکارهێنانی وشەی 'جێندەر'، بەڵام زیاتر بۆ خەڵکی ڕوون دەکەینەوە کە مانای چییە.**

هەندێک ڕێکخراو ڕایانگەیاندووە کە ناچاربوون چالاکییەکانیان بگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەبەر سەلامەتی، چونکە هەرێمەکە بە بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق ئازادییەکی ڕێژەیی زیاتر بۆ کاری کۆمەڵگەی مەدەنی دابین دەکات. بۆ نموونە، یەکێک لە ڕێکخراوەکان ڕایگەیاند:

> **ناچاربووین هەندێک لە هاوکارەکانمان بگوازینەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتییان. ژینگەیەکی ئارامترە، بەڵام لەوێش ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگی تایبەت بە خۆمان دەبینەوە.**

ڕێکخراوەکان باسیان لە دروستکردنی هاوپەیمانیی بەهێزتر لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان کرد. هەرچەندە ئەمە لەوانەیە پێچەوانەی چاوەڕوانی بێت، بەڵام کارکردن لەگەڵ لایەنە ئەمنییە نیشتمانییەکان ئەو توانایەی بە ڕێکخراوەکان بەخشی کە بتوانن پەیوەندی دروست بکەن، کە بیانپارێزێت لە خراپترین کاریگەرییەکانی چاودێری و سنووردارکردنەکان، و کەمکردنەوەی مەترسییەکان. هەروەها دەرچەیەکی بچووکی بۆ بەردەوامبوون لە هەوڵەکانی داکۆکیکاری کردۆتەوە. یەکێک لە ڕێکخراوەکان ڕوونیکردەوە: "ئێمە لە ساڵی ٢٠٢٤ لەگەڵ گرووپە ڕاوێژکارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی کارمان دەکرد. ئەمە سوودی هەبوو چونکە توانیمان پەیوەندی دروست بکەین و وا بکەین بەرگریمان لێبکەن کاتێک هێرش دەکرێتە سەرمان."

ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتانیش (WROs) پشتیان بە هاوبەشیی ستراتیژی و تۆڕی پەیوەندییەکان بەستووە، لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر، گرووپە هەرێمییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بە ئامانجی

دامەزراندنی سیستەمێکی پاڵپشتی. ئەم بنیاتنانی هاوپەیمانێتی و جووڵانەوەیە، دەنگی هاوبەشی ڕێکخراوەکان بەهێزتر دەکات و توانایەکی زیاتری خۆڕاگرییان پێدەدات لە بەرامبەر هەڕەشە و فشارەکاندا.

سەرباری ئاڵنگارییەکان، ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان نەرمیی و خۆڕاگرییەکی زیاتریان نیشانداوە، کە ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ بەردەوامبوون لە کارەکانیاندا. لە کاتێکدا کە زۆرجار ڕووبەڕووی بەربەست دەبنەوە، ئەم ڕێکخراوانە شێوازی نوێیان بۆ خۆگونجاندن دۆزیوەتەوە، تەنانەت لەژێر گوشاری دژایەتییەکی سەخت و توندیشدا. نموونەکانیش بریتین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەیەکی سیاسیی دوژمنکارانە، بەکارهێنانی ستراتیژی داهێنەرانەی جیاواز و دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە ئەمنییە ناوخۆییەکان. ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان سەرکەوتوو بوون لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەیاندنی دەنگیان و بەردەوام بوون لەسەر داکۆکیکردن لە یەکسانیی جێندەری، بێ گوێدانە فشارە دەرەکییەکان و ئەو پێکهاتە فەرمییانەی کە نەیانتوانیوە پاڵپشتییان بکەن.

# ئەنجام

جێبەجێکردنی کارنامەی ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) لە عێراقدا، بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک ئاستەنگی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی، کە بوونەتە هۆی پەککستنی بەدیهێنانی تەواوەتیی ئامانجەکانی ئەو ئەجێندایە. لە کاتێکدا کە پەسەندکردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن عێراقەوە و داڕشتنی پلانە نیشتمانییە یەک لە دوای یەکەکانی کار، ئاماژەیەکن بۆ پابەندبوونی فەرمی بۆ برەودان بە یەکسانیی جێندەری، بەڵام ئەم پلانانە لە بەدەستهێنانی کاریگەرییەکی بەردەوامدا سەرکەوتوو نەبوون. ئەم جیاوازییە لە نێوان خواستە تیۆرییەکان و ئەنجامە کردارییەکان، ڕەنگدانەوەی دۆخی ئاڵۆزی عێراقی دوای ململانێیە، کە تێیدا نۆرمە پیاوسالارییە ڕیشەداکوتاوەکان و لێکترازانی تایەفی و شەپۆلی بەردەوامی توندوتیژی و ناجێگیری باڵادەستن.

سەرەڕای ئەم ئاستەنگە بنەڕەتییانەشدا، هەندێک پێشکەوتن بەدەستهاتووە.لەوانە، پلانی کاری نیشتمانیی دووەم (٢٠٢٠-٢٠٢٤) چەند تەوەرێکی سەرەکیی ڕوونترو ڕاوێژی جوگرافیی بەرفراوانتر و میکانیزمێکی چاودێریی وردتری لەخۆگرتبوو، کە ئەمەش بە بەراورد بە پلانی یەکەم پەرەسەندنێکی گرنگ بوو. داڕشتنی پلانی کاری هەرێمی کوردستان (٢٠٢١-٢٠٢٤)، زیاتر گرنگیدانی هەرێمیی بە کارنامەی ژن، ئاشتی و ئاسایش نیشان دەدات، کە ئامرازێکی پلاندانانی گونجاوتری لەگەڵ دۆخی تایبەتی هەرێمی کوردستاندا خستەڕوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، لاوازیی هەماهەنگی و نەبوونی میکانیزمی هاوبەش لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا، یەکپارچەیی و کاریگەریی هەوڵەکانی کەمکردۆتەوە. پلانە نیشتمانییەکانی کار لە عێراقدا، لە یەک پلانی نیشتمانیی یەکگرتووەوە لە ساڵی ٢٠١٤، گۆڕان بۆ دوو پلانی هاوتەریب لە ساڵی ٢٠٢٠، و پاشان بۆ دوو پلانی تەواو سەربەخۆ بۆ حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٥، ئەمە لەلایەک خۆگونجاندن لەگەڵ سیستەمی فیدراڵیی عێراقدا نیشان دەدات، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئاماژەیە بۆ پەرتەوازەیی لە ستراتیژدا. هەرچەندە لامەرکەزییەت دەرفەت بۆ پلاندانانێک دەڕەخسێنێت کە لەگەڵ پێداویستییە ناوخۆییەکاندا بگونجێت، بەڵام نەبوونی هەماهەنگی لە جێبەجێکردن و نەبوونی میکانیزمێکی لێپرسینەوە، مەترسیی ئەوە دروست دەکات کە ماف و پارێزگاری لە ئافرەتان لە سەرانسەری ناوچەکاندا یەکسان نەبێت.



ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەردەوام نیگەرانیی خۆیان لە پەراوێزخستنیان لە بەشدارییەکی کاریگەر لە قۆناغەکانی داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەم پلانانەدا دەربڕیوە. فەرامۆشکردنی ئەم ڕێکخراوانە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە کۆمەڵگەکانەوە و زۆرجار بۆ تێگەیشتن لە واقیعی بارودۆخەکان لە ئاستی ناوخۆیی توانایەکی باشتریان هەیە، بووەتە هۆی داڕشتنی سیاسەتگەلێک کە ڕەنگدانەوەی پێداویستی و ئامانج و گرنگیپێدانە ڕاستەقینەکانی خەڵک نین. بەتایبەتیش بۆ پێکهاتە پەراوێزخراوەکان، وەک ئێزدییەکان. ئەم ڕێبازە لەسەرەوە-بۆ-خوارەوەیە کە حکومەت پێشڕەوی دەکات، هۆکارێکی دیکە بووە بۆ دوورخستنەوەی ژنان لە پرۆسە گرنگەکانی بڕیاردان. ئەمەش نایەکسانیی جێندەریی چەسپاندووە و پەراوێزخستنیانی لە کاتی قەیران، ململانێ و دوای ململانێدا، زیاتر کردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە، ئاسەوارەکانی پەرتەوازەیی سیاسی، تایفەگەری، و هەژموونی باڵە کۆنەپەرستە سیاسی و ئایینییەکان لە عێراقدا، لەبەردەم جێبەجێکردنی کارای کارنامەی ژن، ئاشتی و ئاسایش ڕێگرێکی گەورە بوون. سیستەمی حوکمڕانی، کە پۆستەکان لەسەر بنەمای لایەنگیریی سیاسی دابەش دەکات نەک پسپۆڕی و لێهاتوویی، بووەتە هۆی کەمکردنەوەی توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە هەستیارەکانی جێندەر. هاوکات، تەشەنەسەندنی گوتاری دژە-جێندەر و بچووکبوونەوەی فەزای مەدەنی، کەشێکی نالەبارتری بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان خوڵقاندووە. ئەم گرووپانە لەلایەن هێزە حکومی و ناحکومییەکانەوە ڕووبەڕووی چاودێری توندو وردبینی و گوشاری زیاتر دەبنەوە، کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر توانای ڕێکخراوەکان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و کچان دەبێت.

سەرەڕای ئەم ئاڵنگارییانە، ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان نیشانداوە و توانیویانە سەرەڕای هەڕەشەکان، لە کارەکانیاندا بەردەوام بن. شێوازی نوێیان بۆ درێژەدان بە داکۆکیکردن دۆزیوەتەوە — پەیڕەوکردنی گوتارێکی بێلایەن، بنیاتنانی هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ تۆڕە نێودەوڵەتییەکان، و تەنانەت دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان بۆ پاراستن — نیشاندەری ئەو شێوازە داهێنەرانەیەن کە ئەم ڕێکخراوانە بۆ کارکردن لە ژینگەیەکی نالەباردا گرتوویانەتەبەر. کەچی، خودی ئەوەی کە ئەم گرووپانە دەبێت بەردەوام لەژێر سایەی هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە و خۆگونجاندن کاربکەن، واقیعە تاڵەکەی بەردەم کاری یەکسانیی جێندەری لە عێراقدا پشتڕاست دەکاتەوە.

نەبوونی سەرچاوەی گونجاو بودجەی بەردەوام و ئیرادەی سیاسیی ڕاستەقینە، لەگەڵ زیادبوونی هەژموونی هێزە کۆنەپەرستەکان، بەردەوام توانای حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر لە چوارچێوەی کارنامەی ژن، ئاشتی و ئاسایشدا لاوازکردوە. ئەم کۆسپانە تەنها دارایی و لۆجستی نین، بەڵکو لە بەرزترین ئاستەکانی دەسەڵاتدا و لە بنچینەدا کێشەی پێکهاتەیین و ڕەنگدانەوەی لاوازیی دامەزراوەیی و حوکمڕانیی پەرتەوازە و دژایەتیکردنی یەکسانیی جێندەرین. سەرەڕای بەدەستهێنانی هەندێک پێشکەوتن، بەتایبەتی لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە تێیدا چوارچێوەی یاسایی بۆ پاراستنی ئافرەتان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی جێندەری، گەشەیەکی پێشکەوتنخوازانەتری بەخۆوە **بینیوە**، بەڵام ئەم هەنگاوانە هێشتا لە ئاستی ناوخۆیین و زۆرجار بە شێوەیەکی لاواز لەگەڵ سیاسەتی گشتیی وڵاتدا **یەکدەگرنەوە**. هەرچەندە سەربەخۆیی ڕێژەیی و کەلتووری سیاسیی جیاوازی هەرێمی کوردستان ڕێگەی بۆ هەندێک چاکسازی **خۆشکردووە**، بەڵام تەنانەت لەوێش، جێبەجێکردن بەهۆی کەمیی سەرچاوە و ڕێگریی کۆمەڵایەتییەوە ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت.

ڕوانین بۆ داهاتوو، توانای عێراق بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، نەک تەنها پشت بە دامەزراوەی بەهێز، بەڵکو پشت بە دروستکردن و پاراستنی متمانە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبەستێت. پلاندانانی گشتگیرتر، چاودێریی هاوئاهەنگ لەنێوان چوارچێوەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، و دابینکردنی سەرچاوەی دادپەروەرانە، زۆر گرنگن. هەرچەندە پابەندبوونی فەرمی بوونی هەیە، بەڵام ئاڵنگاریی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم وڵات ژینگەیەکیان دروستکردووە کە تێیدا ئەم پابەندبوونانە نەبوونەتە کردارییی کاریگەر. پەراوێزخستنی گرووپە سەرەکییەکان، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە پرۆسەکانی بڕیاردان، هاوشان پەرتەوازەیی تایفی، گەندەڵی و جووڵانەوەی دژ بە جۆری کۆمەڵایەتی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتندا.

بەرنامەی داهاتوو نەک تەنها پێویستی بە ئیرادەی سیاسیی ڕاستەقینە دەبێت، بەڵکو پێویستی بە پابەندبوون بە پاراستنی ماف و سەلامەتیی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان ، هەروەها ئافرەتانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ، و دڵنیابوون لە بەشداریی کارا و سەلامەتیان لە ژیانی گشتیدا دەبێت. بۆ بەهێزکردنی پابەندبوونی عێراق بە کارنامەی ژن، ئاشتی و ئاسایشەوە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کەلتووری سیاسیدا و پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی گشتگیر و لە خوارەوە بۆ سەرەوە، پێویستە، هاوشان لەگەڵ زیادکردنی وەبەرهێنان لە سەرچاوەکان و پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم زنجیرە ڕاوێژکارییە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ توێژینەوە وردی "هەڵسەنگاندنی دۆخی گشتی" تایبەت بە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان-عێراق، کە تێیدا لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر لەسەر بەڵگە و زانیارییەکان لە هەردوو ناوچەکەدا خراوەتەڕوو.

# ڕاسپاردەکان

**بۆ لایەنە بەخشەرەکان:**

1. **دابینکردنی بودجەی سەرەکی و گونجاو بۆ ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی مافی ئافرەتان (WRO)، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (CSO) و کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەکی گشتی، بۆ زامنکردنی بەردەوامیی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. ئەم کارە وا دەکات ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و بزووتنەوەکانیان بتوانن:**

   a. **بە شێوەیەکی ستراتیژی کارە گرنگەکانی خۆیان بخەنە پێش، نەک تەنها جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پرۆگرامی لایەنە بەخشەرەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان INGO).)**

   b. **توانای خۆگونجاندن و وەڵامدانەوەی قەیرانەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر، ئەمەش لەڕێگەی ئاسانکاری لە ڕاپۆرتکردن و کراوەیی زیاتر لە دابەشکردنەوەی بودجە و گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکاندا. بەمەش دەتوانن زیاتر گرنگی بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و گرنگپێدانە درێژخایەنەکانی بواری "ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS) بدەن.**

2. **پێویستە وەبەرهێنان لە پاڵپشتی دارایی دامەزراوەیی و درێژخایەن بۆ ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان (WROs) بکرێت. ئەم بودجەیە دەبێت خەرجییەکانی وەک مووچە، پلاندانانی ڕێکخراوەیی، سیستمی کارگێڕی، تۆمارکردنی یاسایی، ڕێوشوێنەکانی پاراستن و ژێرخان دابین بکات. پێویستە پارەدارکردنەکە ڕێکخراوەکانی ئاستی ناوخۆیی و ئەوانەی لەلایەن کۆمەڵگەوە سەرکردایەتی دەکرێن لەپێشینەدابنێت، نەک تەنها ڕێکخراوەکانی نێوشارەکان، و هەروەها لە هەر شوێنێک کە گونجاو بوو، پێویستە بودجەکە ڕاستەوخۆ پێشکەش بکرێت بەبێ بەکارهێنانی نێوەندگیری لەلایەن حکومەت.**

3. **داننان بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان و پشتیوانیکردنیان وەک دابینکەری خزمەتگوزاری لە هێڵی پێشەوە لە ناوچە کەمخزمەتەکان و گوندنشین و ناوچەکانی دوای ململانێ. لەم ناوچانەدا کە دامەزراوەکانی دەوڵەت بوونیان نییە، ئەم ڕێکخراوانە خزمەتگوزاریی سەرەکی دابین دەکەن، لەوانە یارمەتیی یاسایی، پەناگەی کاتیی، پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی، تیمە تەندروستییە گەڕۆکەکان و بەڕێوەبردنی کەیس. دەبێت ئەوان بە شێوەیەکی فەرمی ببنە بەشێک لە میکانیزمی نیشتمانیی هەماهەنگی بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری، و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت بۆ پاڵپشتیکردن لە کارەکانیان لەو ناوچانەی کە ژێرخانی دامەزراوەییان سنووردارە.**

4. **پشتیوانیکردنی ئەو ڕێبازانەی کە ئامانجیان بەهێزکردنی بەشداریی ئافرەتانە، لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییە زیانبەخشەکان و چارەسەرکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی پەراوێزخستن و نایەکسانی. پێویستە پرۆگرامەکان تەرکیز بکەنە سەر واقیعی ناوخۆیی و لەسەر بنەمای ئەزموونی ئافرەتانی کۆمەڵگە جیاوازەکان دابڕێژرێن.**

5. **هاوکاریکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموونە سەرکەوتووەکان لەبارەی چۆنیەتیی کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی. پێویستە لایەنە بەخشەرەکان یارمەتیدەر بن لە دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لە نێوان نوێنەرانی حکومەت و گروپە ناوخۆییە جیاوازەکان، تاوەکو پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتەکان بە بەشداریی زیاترەوە بەڕێوەبچێت.**

6. **هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە بەخشەرەکانی تر بۆ دوورکەوتنەوە لە دووبارەبوونەوە و پەرەپێدانی کار و هەوڵی تەواوکەر لە بواری کارنامەی WPS لە عێراقدا. هەروەها، دەبێت لایەنە بەخشەرەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کار بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن پرۆگرامەکانیان لەگەڵ گرنگپێدانەکانی کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکاندا گونجاوە.**

7. **دڵنیابوونەوە لەوەی کە تەرخانکردنی بودجە بۆ (ژن، ئاشتی و ئاسایش) WPS کە لایەنی سێیەم دابینی دەکات، پێویستە بەشداریی جددی و بنچینەیی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ، لە سەرجەم قۆناغەکانی داڕشتنی پلان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن بکاتە پێوەر.**

8. **چاودێریکردنی بارودۆخی کارکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و لەبەرچاو گرتنی مەترسییەکانی سەر ڕێکخراوە ناوخۆیی و چالاکوانان. لایەنە بەخشەرەکان دەبێت هانی بەشدارییەکی سەلامەت و گشتگیر بکەن و میکانیزمی پاراستن دابین بکەن، وەک پشتیوانیی خێرا بۆ یارمەتیی یاسایی، گواستنەوەی شوێن و خزمەتگوزاریی خۆشگوزەرانی، کاتێک ڕێکخراو یان تاکە کەسەکان دووچاری کۆسپ یان هەڕەشە دەبنەوە.**

9. **بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی پلاندانانی هاوبەش و سیاسەتەکانی جێندەری هاوبەشەوە، بۆ جێبەجێکردنێکی کاریگەری بەرنامەی WPS و یەکسانیی جێندەری لە سەرانسەری عێراقدا.**

10. **پاڵپشتیکردنی پەرەپێدانی توانای ناوخۆیی وەزارەتەکانی حکومەت، ئەویش بە دابینکردنی هاوکاریی تەکنیکی و ڕاهێنان لە بواری جێندەرو ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS). بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕێکخراوە حکومییەکان ئامراز و زانیاری پێویستیان هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.**

11. **پاڵپشتی دروستکردنی پلاتفۆرمی گشتگیر بکرێت کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەرانی حکومەت کۆبکاتەوە. ئەم پلاتفۆرمانە دەبێت چاودێری جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتمانیی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS)بکەن، شارەزایی تەکنیکی پێشکەش بکەن و هاوکاربن لە باشترکردنی سیاسەتەکان بە پشت بەستن بە بەڵگەی بەردەست.**

### بۆ حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان:

1. **دروستکردنی میکانیزمێکی فەرمیی هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم** بۆ کارنامەی ژن، ئاشتی و ئاسایش (WPS). ئەم میکانیزمە دەبێت پلاندانان و چاودێریی هاوبەش، پێوەری یەکگرتوو و خشتەی کاتیی گونجاو بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانە نیشتمانییەکان لەخۆبگرێت. پێویستە ئەم میکانیزمە پەیوەندیی بەردەوامی نێوان هەردوو حکومەت ئاسان بکات و ستراتیژێکی نیشتمانیی یەکگرتوو دابین بکات بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوە و پەرتەوازەیی کارەکان.

2. **مسۆگەرکردنی ئەوەی کە پلانە نیشتمانییەکانی داهاتوو لە ڕێگەی پرۆسەیەکی شەفاف و گشتگیر داڕێژرێن.** حکومەت دەبێت بەشداریی پێشوەختە و کاریگەری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ، کۆمەڵگەی مەدەنی و گروپە ناوخۆییەکانی تر لە هەموو ناوچە و پێکهاتەکانەوە دابین بکات، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی ناوچەکانی دەرەوەی شارو ناوچە زیانلێکەوتووەکان و کەمینەکان.

3. **بەدامەزراوەییکردنی پێگەی فەرمی و هەمیشەیی بۆ بەشداریی کۆمەڵگەی مەدەنی**، کە ڕێگە بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی بدات لە هەموو قۆناغەکانی پلانی کاری نیشتمانی (لە داڕشتنەوە تا جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن) بەشدار بن. ئەم میکانیزمە دەبێت ڕۆڵ و بودجە و دەسەڵاتی بڕیاردانی دیاریکراویان هەبێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک هاوبەشێک بناسرێت.

4. **دانان و بڵاوکردنەوەی چوارچێوەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی بۆ چاودێریکردنی پلانی کاری نیشتمانی ژن، ئاشتی و ئاسایش.** دڵنیابوون لەوەی کە هەردوو پلانی کاری نیشتمانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتەکانیان لەسەر بنەمای پێوەرە هاوبەشەکان و داتای جیاکراوە پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەراوردکاری و لێپرسینەوە ئەنجام بدرێت و لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت. سیستەمەکانی چاودێریکردن پێویستە بەشداریی کۆمەڵگای مەدەنی لەخۆبگرێت و بۆ ڕای گشتی شەفاف و کراوە بێت.

5. **تەرخانکردنی بودجەی تایبەت و پارێزراو بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی WPS.** دەبێت لە بودجەی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمدا بە ڕوونی دیاری کرابێت چەندە بۆ هەر پایەیەکی WPS تەرخان کراوە و هاوبەشانی کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانن دەستیان بەم پارەیە بگات بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان. دەبێت ڕاپۆرتی شەفافی خەرجکردنی ئەم بودجە هاوپێچی ئەم هاوکارییە داراییە بکرێت.

6. **بەرزکردنەوەی توانای وەزارەتەکان و حکومەتە خۆجێیەکان بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی هەستیار بەرامبەر جێندەر.** دەبێت وەبەرهێنان لە ڕاهێنان و چوارچێوەی دامەزراوەیی بکرێت لەناو وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا (وەک کاروباری ئافرەتان ، پلاندانان، ناوخۆ) بۆ ئەوەی هەموو ئاستەکانی حکومەت بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر پابەندییەکانی WPS جێبەجێ بکەن و بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەری لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی کار بکەن.

7. **پاراستنی فەزای مەدەنی و مافەکانی ئافرەتانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ (WHRDs).** پێویستە چاکسازی لەو یاسا و سیاسەتانەدا بکرێت کە کۆسپ بۆ کارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست دەکەن. دەبێت دڵنیا بنەوە کە ڕێکخراوەکان و چالاکوانان، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر یەکسانیی جێندەری کار دەکەن، دەتوانن بەبێ ترسی تۆڵەسەندنەوە هەراسانکردن یان دەستتێوەردانی سیاسی کارەکانیان بکەن.

### بۆ ڕێکخراوە فرەلایەنەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان:

1. **پێشکەشکردنی هاوکاریی تەکنیکی بە حکومەتی عێراق بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕەچاوکەری جێندەر لە بوارەکانی ئاشتی، ڕێگریکردن لە ململانێ و کارکردن بۆ بوژاندنەوە. پێویستە دڵنیابنەوە کە ئەم هەوڵانە لەسەر بنەمای گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی بێت و گوزارشت لە بارودۆخی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکان بکات.**

2. **پشتگیریکردنی شەفافیەت و بەشداریی گشتگیر لە داڕشتنی پلانە نیشتمانییەکانی داهاتووی WPS**، لە ڕێگەی کارئاسانی بەشداریکردنی پێشوەختە و کاریگەری ژمارەیەکی فراوانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان. دەبێت بایەخی تایبەت بدرێت بە دڵنیابوونەوە لە بەشداریکردن و دەنگی ڕێکخراوەکانی ناوچە گوندنشینەکان و ئاوارەکان و کەمینەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان.

3. **پشتیوانیکردنی بەناوخۆییکردنی کارنامەی WPS**، بە دابینکردنی بودجەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە شێوەی هاوکاریی دارایی بچووک و مامناوەندی بەردەست، و بەشدارییپێکردنیان لە هەموو قۆناغەکانی پلانی کاری نیشتمانی، وەک داڕشتن، جێبەجێکردن و چاودێریکردن. دەبێت پشتیوانییەکە خەرجیی گواستنەوە و وەرگێڕان و دەستڕاگەیشتنی دیجیتاڵی بگرێتەوە بۆ مسۆگەرکردنی بەشدارییەکی یەکسان.

4. **پەرەپێدانی کارامەیی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ململانێ یان ئەوانەی ژێرخانیان سنووردارە. دەبێت ئەم پشتیوانییە توانای ڕێکخراوەکان بەرزبکاتەوە تا بتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت لەسەر پرۆسەکانی داڕشتنی سیاسەت لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نیشتمانی.**

5. **ئاسانکاریی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و دامەزراوە گشتییەکان** وەک فەرمانگەکانی تەندروستی، دابینکەرانی هاوکاریی یاسایی و یەکەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی جێندەری. دەبێت هاوبەشێتی پەرەی پێبدرێت بۆ زیادکردنی خزمەتگوزارییەکان و سیستمی ڕەوانەکردن و پرۆتۆکۆلی هاوبەش و دابینکردنی ماف و پێداویستیەکانی ڕزگاربووان.

6. **هاوکاریکردنی سیستمی پارێزراوی دۆکیومێنت و داتا** بۆ یارمەتیدانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە بەدواداچوونی خزمەتگوزاری و ئەنجامەکان. پێویستە ئەم سیستمانە بە شێوەیەک داڕێژرێن کە نهێنییەکان بپارێزن و ماف و سەلامەتیی ڕزگاربووان بکەنە چەقی کارەکانیان.

7. داکۆکیکردن لە جێبەجێکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی جێندەر، بەتایبەتی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، و پشتیوانیکردنی ئەو چوارچێوە یاساییانەی کە پارێزگاریی کرداری بۆ ئافرەتان و کچان لە سەرانسەری عێراقدا دابین دەکەن.

8. هاندانی دروستکردنی **میکانیزمێکی فەرمیی هەماهەنگی** لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی یەکخستنی کارە لەپێشینەکان، ستراتیژییەکانی جێبەجێکردن و چوارچێوەکانی ڕاپۆرتکردنی پلانی کاری نیشتمانیی WPS. پێویستە ئەم میکانیزمە کۆبوونەوەی هاوبەشی بەردەوام و پێوەری هاوبەش و خشتەی کاتیی هەماهەنگکراو لەخۆبگرێت.

9. داکۆکیکردن و **کارئاسانی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و فێربوونی هاوبەش** لەنێوان هەردوو تیمی جێبەجێکاری پلانی کاری نیشتمانی، بەمەبەستی دیاریکردنی باشترین ئەزموونەکان، چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکان و مسۆگەرکردنی ڕێبازێکی نیشتمانیی یەکگرتوو بۆ پێشخستنی کارنامەی WPS لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا.

## بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

1. **پەرەپێدانی هاوکاری لەگەڵ هاوبەشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان** بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانی داکۆکیکاری، بەتایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی سنووردارکردنی فەزای مەدەنی و زیادبوونی دژایەتیی گشتی بۆ کارەکانی پەیوەست بە جێندەر لە هەندێک ناوچەدا.
2. **باشترکردنی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و تۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**، بە هاوکاریی نێوان کەرت و هەرێمە جیاوازەکانەوە. پێویستە ستراتیژییەکانی داکۆکیکردنی هاوبەش ڕووبەڕووی پارچەپارچەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببنەوە و دەنگی هاوبەش بەهێز بکەن.

3. **هاندانی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان هەرێمەکاندا**، بەتایبەتی گواستنەوەی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ناوچە پەراوێزخراوەکان یان کەمتر دەستڕاگەیشتووەکان کار دەکەن.

4. **دارشتنی ستراتیژیی داکۆکیکاری کە وەڵامدەرەوەی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگە بێت**، بە بەکارهێنانی زمانی گشتگیر و ناوخۆیی بۆ گەیاندنی سوودەکانی یەکسانیی جێندەری بۆ گەشەپێدانی نیشتمانی، ئاسایش و خۆڕاگریی کۆمەڵگە. دارشتنەوەی ئەم کارە بە شێوەیەک کە لەگەڵ گرنگیپێدان و بەها ناوخۆییەکان بگونجێت دەتوانێت کاریگەری و پشتیوانیی گشتی زیاد بکات.

5. **دروستکردنی میکانیزمی ناوخۆیی چاودێری و لێپرسینەوە** لەنێو کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە هەستیارەکانی جۆری کۆمەڵایەتی و بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە تێبینییەکانی ڕاوێژی کۆمەڵگەکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەت و پرۆگرامە بەردەوامەکان هەبێت.

6. **برەودان بە پلاتفۆرمە هەماهەنگییە گشتگیر و نوێنەرایەتییەکان** لە ڕێگەی دڵنیابوونەوە لە بەشداریی هەمەچەشن لە هاوپەیمانییە نیشتمانییەکاندا، بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی دەرەوەی شارەکان و کەمینەکان یان ڕێکخراوە نوێیەکانەوە. پێویستە پێکهاتەی سەرکردایەتی شەفاف بێت و ڕێگە بە سەرکردایەتیی خولاو و دەرفەتی ڕێنمایی بدات بۆ پشتیوانیکردن لە بەشداریی بەرفراوانتر.

7. **بەهێزکردنی میکانیزمەکانی سەلامەتی و پاراستن بۆ گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی** لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی بەڕێوەبردنی مەترسیی بەکۆمەڵ، ڕاهێنانی یاسایی و سەلامەتیی دیجیتاڵی، و پلانی وەڵامدانەوەی فریاگوزاری. دەبێت ڕێکخراوەکان هەماهەنگی بکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ڕێوشوێنی پارێزگاری لە سەرانسەری تۆڕەکاندا و لەکاتی سەرهەڵدانی هەڕەشەکاندا لە شوێنی خۆیدایە.

# ئاماژەکان

1 »نساء والسلام» دەستەواژەیەکی عەرەبییە بە مانای «ژن و ئاشتی» دێت. ناوی «NISAAM» لەم دوو وشەیە وەرگیراوە وەک هێمایەک بۆ یەکخستنی ژنان و کارە لەپێشینەکانیان لە سەرجەم بوارەکانی بەرنامەی کاری ژن، ئاشتی و ئاسایشی عێراقدا. بڕوانە: ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنان، NISAAM (https://womenforwomen.org.uk/nisaam)

2 نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠٢١)، "وتەکانی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی پاتن لە بۆنەی "یاسای قوربانیانی ژنانی ئێزدی و دڵنیابوون لە بەرنامەیەکی کاریگەری قەرەبووکردنەوە لە عێراق"، ٣٠ی ئەیلول". (www.un.org/sexualviolenceinconflict/statement/remarks-of-srsg-patten-at-the-event-the-yazidi-women-survivors-law-and-ensuring-an-effective-reparations-programme-in-iraq-30-september-2021/)

3 پلانی کاری نیشتمانیی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ژن، ئاشتی و ئاسایش (٢٠١٤-٢٠١٨)(https://1325naps.peacewomen.org/wp-content/uploads/2020/12/Iraqs-National-Action-Plan-for-the-Implementation-of-UNSCR-1325-Women-Peace-and-Security-2014-2018.pdf)؛ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٢١) پلانی کاری نیشتمانیی دووەم بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠٢١-٢٠٢٤) (https://nwm.unescwa.org/resources/228)پلانی سێیەمی نیشتمانی بۆ عێراقی فیدراڵ تا ئێستا لەسەر ئینتەرنێت بڵاونەکراوەتەوە.)

4 حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٤) پلانی هەرێمیی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان: وەک بەشێک لە پلانی کاری نیشتمانیی عێراق (٢٠١٤-٢٠١٨). لەناو: حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پلانی کاری نیشتمانیی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان(https://1325naps.peacewomen.org/wp-content/uploads/2020/12/Iraqs-National-Action-Plan-for-the-Implementation-of-UNSCR-1325-Women-Peace-and-Security-2014-2018.pdf). (پلانی سێیەمی هەرێمی کوردستان تا ئێستا لەسەر ئینتەرنێت بڵاونەکراوەتەوە).

5 مانێشی بی. (٢٠٢٣)، 'بچووکبوونەوەی فەزای مەدەنی و بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایش لە عێراقدا'، کاتالیستاس کۆنسەڵتینگ (https://catalystasconsulting.com/shrinking-civic-space-and-unscr-1325-in-iraq/)

6 ڕێکخراوی "داهاتووی پارێزراومان (Our Secure Future) "(٢٠١٨)، 'توێژینەوەی کەیس: کاتێک دێتە سەر پلانی کاری نیشتمانی (NAP)، عێراق لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا پێشەنگە'، ٢٢ی تشرینی یەکەم(https://oursecurefuture.org/our-secure-future/news/case-study-when-it-comes-naps-iraq-leads-way-mena))

7 ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (٢٠٢٠)، 'دووەم پلانی کاری نیشتمانیی عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢٤) سەبارەت بە بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی ژن، ئاشتی و ئاسایش' (https://iraq.unwomen.org/en/what-we-do/peace-and-security/iraq-national-action-plan)

8 ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (٢٠٢١)، 'هەرێمی کوردستان پلانی کاری هەرێمیی خۆی سەبارەت بە بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایش ڕادەگەیەنێت'، ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق(https://iraq.unwomen.org/en/stories/news/2021/11/kurdistan-region-launches-its-regional-action-plan-on-unscr-1325 )

9 ڕێکخراوی ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (ب.د.) 'پلانی کاری نیشتمانیی عێراق سەبارەت بە ژن، ئاشتی و ئاسایش'، ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان(https://iraq.unwomen.org/en/what-we-do/peace-and-security/iraq-national-action-plan)

10 ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئافرەتان لە عێراق (ن.د.) 'پلانی کاری نیشتمانیی عێراق سەبارەت بە ژن، ئاشتی و ئاسایش'، (https://iraq.unwomen.org/en/what-we-do/peace-and-security/iraq-national-action-plan)

11 بەشداربووی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان (KII)، ڕێکخراوی مافەکانی ئافرەتان، چاوپێکەوتنی ئۆنلاین، مارسی ٢٠٢.

12 ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠٢٤)، 'ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاریدا کۆتایی بە ڕاسپاردەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق (یونامی) بهێنێت تا ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥'، ڕاگەیەندراوی ڕۆژنامەوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان. بڕوانە:(https://press.un.org/en/2024/sc15759.doc.htm).

13 پلانی کاری هەرێمیی هەرێمی کوردستان (KRI-RAP) بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایش (٢٠٢٥-٢٠٢٩) پوختەیەکی دەربارەی تەرخانکردنی بودجە تێدایە، لەگەڵ بڕی پارە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداریی لایەنە بەخشەرەکان.

14 سەبارەت بە دۆخی سیاسیی کارکردن، ڕێکخراوێکی مافەکانی ژنان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی خاوەن زانیاری سەرەکیدا (KII) ڕایگەیاند: "ئێمە لێکۆڵینەوەمان کردووە لەوەی کە یاسای ١٨٨ (ی باری کەسێتی) چۆن کاریگەریی هەبووە لەسەر دروستکردنی ناکۆکیی تائیفی لەنێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا و زۆرجار لێکترازانی هەنوکەیی قووڵتر کردووەتەوە. ئەزموونی ئێمە دەری دەخات کە تێپەڕاندنی قۆناغی چاکسازیی یاسایی یەکڕیزیی دەوێت، نەک دابەشبوونی زیاتر".

15 چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی خاوەن زانیاری سەرەکیدا (KII)، ڕێکخراوێکی مافەکانی ژنان، نیسانی ٢٠٢٥: "بە شێوەیەکی گشتی، لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا کێشەی تایفەگەری هەیە، بەم دواییانە ناوی ڕێکخراوەکەمان گۆڕی... چونکە [ڕێکخراوەکەمان] وەک لایەنگری سوننە سەیر دەکرا، لە کاتی کارکردن لە پارێزگا شیعییەکاندا تووشی کێشە دەبووین، بۆیە ناچاربووین ناوەکە بگۆڕین."؛ بەشداربووی ڕاپرسی، ڕێکخراوێکی مافەکانی ژنان، نیسانی ٢٠٢٥: "گۆڕانکاریی بەردەوام لە سیاسەت و کارە لەپێشینەکانی حکومەتدا، کاردەکاتە سەر ئاستی هاوکاری و پشتیوانیی فەرمی، هاوکات هەندێک ڕێگریی یاسایی و ئیداری کێشە بۆ تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان و وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی دروست دەکەن".

16 ئەلمەولەوی ئەی (٢٠٢٣)، ئایا سیستەمی کۆتای عێراق ڕێگرە لە پێشکەوتنی وڵات؟'، ئەلجەزیرە(www.aljazeera.com/news/2023/3/21/is-iraqs-sectarian-quota-system-holding-the-country-back)

17 بەشداربووی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان (KII)، ڕێکخراوی مافەکانی ئافرەتان ، چاوپێکەوتنی ئۆنلاین، مارسی ٢٠٢٥ .

18 حکومەتی بەریتانیا (٢٠٢٥)، 'بەیاننامەی هاوبەشی نێوان سەرۆک وەزیرانی شانشینی یەکگرتوو و سەرۆک وەزیرانی عێراق ' (www.gov.uk/government/news/joint-statement-between-the-prime-minister-of-the-united-kingdom-and-the-prime-minister-of-iraq)

19 بەشداربوو لە چاوپێکەوتنی خاوەن زانیاری سەرەکی(KII) ، ڕێکخراوێکی مافەکانی ژنان، چاوپێکەوتنی ئەلیکترۆنی، نیسانی ٢٠٢٥: "کەمبوونەوەی دەرفەتی تەمویلی تایبەت بە پرسی جێندەری، ڕکابەرییەکە قورستر دەکات و مانەوەی کارەکان ناسەقامگیرتر دەکات".

20 ئەلخزری ت (٢٠٢٣)، 'لەگەڵ پاشەکشەی عێراق لە بابەتی یەکسانیی ڕەگەزی، ژنە پەرلەمانتارەکان لە کوێن؟'، ئەلجەزیرە، ٩ی ئەیلوول (www.aljazeera.com/opinions/2023/9/9/as-iraq-backslides-on-gender-equality-where-are-its-women-mps)

21 بەپێی ئەوەی لە گرووپەکانی گفتوگۆی فۆکەس گروپدا بیستمان، قەدەغەکە وەک بیانوویەک بۆ بڵاوکردنەوەی ڕق لەسەر ئینتەرنێت بەکارهات: "سۆشیال میدیا بۆ وروژاندنی ڕق بەکارهاتووە، کە ترسی دروستکردووە و هەستی نائارامیی بڵاوکردووەتەوە لەنێوان چالاکوانانی ئافرەتان و پێکهاتە کەمینەکاندا".

22 بەشداربووی چاوپێکەوتنی جۆری (KII)، لەگەڵ ڕێکخراوی مافەکانی ئافرەتان ، چاوپێکەوتن بەشێوەی ئۆنلاین، نیسانی ٢٠٢٥: "بچووکبوونەوەی بواری تەمویلی ئامانجدار و جەختکراو لەسەر جێندەر، کێبڕکێکان توندتر دەکات و زیاتر بەردەوامبونی پرۆژەکان دەخاتە مەترسییەوە ".

23 ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی. (٢٠٢٤). یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٢٤ یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٨٨ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی هەموار دەکاتەوە .(NATLEX ISN 116574) بنکەی زانیاریی NATLEX. https://natlex.ilo.org/dyn/natlex2/r/natlex/fe/details?p3_isn=116574

24 ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (هیومان ڕایتس ووچ) (٢٠٢٤)، 'عێراق: یاسای دژە کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە هەڵبوەشێننەوە: یاسا نوێیەکە توندوتیژی و جیاکاری زیاتر دەکات'، ٢٠ی ئایار(?www.hrw.org/news/2024/05/20/iraq-repeal-anti-lgbt-law)

**جێندەرییەکان بۆ ئاشتی و ئاسایش (GAPS)** کارە تۆڕێکی کۆمەڵگای مەدەنییە لە بریتانیا کە سەر بە بابەتی ژن، ئاشتی و ئاسایشە. ئەم تۆڕە پێکدێت لە کۆمەڵێك ئەندام و خاوەندارە لە چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی و شارەزایان لە بوارەکانی پەرەسەندنی ژیانی گەشەکردن، مافە مرۆڤ، و وەڵامی مرۆیی و دۆزینەوەی ئاشتی. بنەڕەتی تۆڕەکە دروست کراوە بۆ پشتگیری جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە 1325ی ئەنجومەنی ئاسایش بەربەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ژن، ئاشتی و ئاسایش. ئەرکی سەرەکیی تۆڕەکە ئەوەیە کە پەیوەستبونی نێودەوڵەتیی حکومەتی بریتانیا بە ژنان و کچان لە ناو شوێنە تووشی شەڕەکان بەهێز بکات و بپەیوەندێنێت و بەرپرسارەکانی بپرسێت.

**ژن بۆ ژنانەوەی جیهان (WfWI)** ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە پشتگیری دەکات لە ژنانییەك کە لە خەتەری زۆر دەژین، وەکو ئەفغانستان، بوسنیا و هەرزەگوڤینا، کۆنگۆی دیمۆکرات، عێراق، کۆسۆڤۆ، نیجیریا، ڕواندا و باشووری سوودان. لە ساڵی 1993ەوە، ئەم ڕێکخراوە نزیکەی نیو ملیۆن ژنی تووشی شەڕی پێگەیشتووە و یارمەتیدانیان کردووە بۆ دووبارە دروستکردنی ژیانیان لە ڕێگەی فێربوونی شارەزاییەکان، ئاگادارکردنەوەی مافەکان و بەهێزکردنی ئابووری. بەهۆی پرۆگرامەکانی، هاوبەشایەتیەکان و فەرمیاندنەکانی، ڕێکخراوەکە دڵنیایی دەدات کە ژنان بتوانن پارە بەدەستبهێنن و پاشەکەوتیان بکەن، تەندروستی خێزانەکانیان باشتر بکەن، و مافەکانیان جێبەجێ بکەن، و هاوبەش بن لە تۆڕە گەورەکان کە دەنگی ژنان بەرزتر دەکەن. هەروەها ڕێکخراوەکە بە هاوبەشی لەگەڵ کارگێڕانی سیاسەتی، پێشەنگانی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای ناوخۆیی، بانگەواز دەکات بۆ گۆڕانکارییە بنچینەییەکان کە دڵنیایی بدن پێشنیاز و دیدی ژنان بەشێك بن لە پرۆسەی بڕیاردان لە ماڵ، کۆمەڵگا و دەربڕی ئەوانەوە.

WOMEN FOR WOMEN INTERNATIONAL

gaps uk [ ]
GENDER ACTION FOR PEACE AND SECURITY

وانەکان و ئەزموونەکان لەم پەرتووکەدا پێشکەش کراون، سەرچاوەیانە لە تاقیکردنەوە و ئەزموونی ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان، کە لەگەڵ یەکدی دەکارەن لە ژێر چوارچێوەی پرۆژەی نیسام کە بە پارەی حکومەتی بەریتانیادا پشتگیرێت.

UK International Development
Partnership | Progress | Prosperity